http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.376

# ڕەنگدانەوەی هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (ورێزا)دا

امید رحیم شمس الدین
زانكۆی گەرمیان - كۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكان - بەشی زمانی كوردی
omed.rahem@garmian.edu.krd

**پوختە :**
ئەم لێكۆڵینەوە هەنگاوێكە بۆ تیشك خستنەسەر هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبیی كوردی لە ناوچەی خانەقی و ڕەنگدانەوەی لەسەر لاپەڕەكانی گۆڤاری (ورێزا)دا. لە ڕێگەیەوە تیشك دەخرێتە سەر ئاستی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بەرهەم و ئەدیب و نووسەرانی ناوچەكە. پەخشانیش بەگشتی و هونەرەكانی پەخشانی كوردی بە تایبەت، بەشێكی شاراوەی ئەدەبی ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێرە، بە هۆی ڕۆژنامەنووسیی كوردییەوە بە شێوەیەكی فراوان بڵاوكراوەتەوە و دەست بۆ هونەرە جۆراوجۆرەكانی درێژكراوە، كە پێویستە ئەو هونەرانە بخرێنە بواری لێكۆڵینەوەی ئەدەبییەوە و بەرهەمەكان لێكبدرێنەوە و بخرێنە بەرچاو و ئاستیان لە ڕەوتی پێشكەوتنی ئەدەبی كوردیدا پیشانبدرێ.

**كلیلە وشە :** پەخشان، پەخشانی ئەدەبی، گۆڤاری ورێزا، پەخشانی ڕۆژنامەنووسی.

## پێشەكی :

ڕۆژنامەنووسیی كوردی لە سەرەتاوە گۆڕەپانی یەكەمی بڵاوكردنەوەی تێكستی هونەرەكانی پەخشانی كوردی بووە. گۆڤاری (ورێزا) وەكو بەشێكی زنجیرەی نەبچڕاوی كاروانی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی باشووری كوردستان دەستی باڵای لە بڵاوكردنەوەی ئەدەب و هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبیدا بووە لە شاری خانەقی، كە خاوەن مێژوویەكی دێرینی پڕ لە ڕووداو و گەنجینەیەكی دەوڵەمەندە لە بوارە جیاوازەكانی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فۆلكلۆریدا. نەبوونی چاپخانە و باری سیاسیی ناوچەكە هۆكاری بایەخدانە بە ڕۆژنامەنووسی ، كە تاكە دەرفەتە بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمە هەمەڕەنگەكانی بواری ئەدەب.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان، ڕێبازی پەسنی شیكاریمان پەیڕەوكردووە، لە لایەكەوە بۆ ناساندن و دەرخستنی كەرەستەكان، لە لایەكیترەوە بۆ شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەكان.

كەرەستەی سەرەكی و سنووری ئەم لێكۆڵینەوەیە سەرجەم دەقی پەخشانی ئەدەبیی گۆڤاری (ورێزا)یە، كە لە شەش ژمارەدا بڵاوكراوەتەوە و پۆلێنكردنی هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبی و دەستنیشانكردن و دەرخستنی ئاستی ئەدەبییان.

لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكی و دوو بەش پێكهاتووە. بەشی یەكەم دوو تەوەرە، تەوەری یەكەم بۆ ناساندنی گۆڤاری (ورێزا)یە. تەوەری دووەم، لێكۆڵینەوەیە لە چەمك و بنەماكانی پەخشان. بەشی دووەم تایبەتە بە هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤارەكەدا. لە كۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەكان و لیستی سەرچاوەكانمان خستۆتەڕوو.

گرفتی لێكۆڵینەوەكە لەوەدایە هیچ سەرچاوەیەك لەبارەی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی كوردیی دەڤەری خانەقی لە بەردەستدا نییە، چونكە تا ئێستا لێكۆڵینەوەیەكی ئەوتۆ بۆ ئەم دوولایەنە تەرخان نەكراوە سەرەڕای كەمی ئەو

سەرچاوانەی تایبەتن بە پەخشانی کوردی. بۆیە ئومێد دەکەین ئەم لێکۆڵینەوە کەلێنێك لە ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی پڕبکاتەوە.

## بەشی یەکەم :

### تەوەری یەکەم : ناساندنی گۆڤاری ( وریزا ):

پاش پڕۆسەی ئازادی عێراق لە بەهاری ساڵی 2003 و ڕزگاربوونی شاری خانەقی وەکو ناوچەیەکی کوردەواریی خاوەن بنەمای شارستانییەت و ڕۆشنبیری، بووژاندنەوەی ڕۆژنامەنووسی بەگشتی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتایبەتی هاتە ئاراوە، چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و ئیستگە و کەناڵێکی کوردی لە ناوچەکەدا سەریهەڵدا، ئەم گۆڤارەش هەنگاوێکی مەزنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبیی کوردی بوو لەلایەن ڕۆشنبیرانی خانەقییەوە بڵاوکرایەوە .

گۆڤاری (وریزا ) وەك لە ڕووی بەرگەکەیدا ئاماژەی پێکراوە (گۆڤارێکی وەرزی ڕووناکبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گشتییە ). لە ژمارە (2-6 ) ئەوەی بۆ زیادکراوە (کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لە شاری خانەقین دەریدەکەن )، هەمان ئەم زانیارییانە بەتەواوی لە ناوەوەی سەرجەم ژمارەکاندا دووبارەکراوەتەوە. ژمارە (1 )ی گۆڤارەکە لە بەهاری 2006 و ژمارە (2و3 )ی لە ئەیلولی هەمان ساڵ و ژمارە (4 )ی لە بەهاری 2007 و ژمارە (5و6 )ی لە زستانی 2009 دەرچووە. هەمووی بەسەریەکەوە شەش ژمارەیە لە چوار بەرگدا.

خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە لە ژمارە (1-4 ) مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد )ە، لە ژمارە (5و6 )دا بووە بە (جەمال ئەکبەر). سەرنووسەری سەرجەم ژمارەکانی (جەمال ئەکبەر)ە. ستافی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە و سەرنووسەرەکەی لە سەرەتاوە سەرجەمیان خوێندکاری زانکۆ بوونە، بەتایبەت خوێندکارانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی ئادابی خانەقیی سەر بە زانکۆی سلێمانی، لە ژمارە (1-3 ) بریتیبوون لە (شەماڵ ئەحمەد، ئەمین ساڵح، سەرحەد حسێن، جەلال ئەلیاسی، زانیار جەمال )، لە ژمارە (4 )دا (لەیلا محەمەد نووری )ی بۆ زیادکراوە، لە ژمارە (5و6 )دا لە جێگەی (جەلال ئەلیاسی و زانیار جەمال )دا ناوی (عەباس مەحمود و فریال حەسەن ) دانراوە.

ستافی ڕاوێژکارانی گۆڤارەکە زۆرینەیان مامۆستای زانکۆیین و خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمین لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا، لە ژمارە (1-4 ) لەم کەسایەتییانە پێکهاتووە :(د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د.فەرهاد پیرباڵ، د.محەمەد زەهاوی، د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، د.فوئادحسێن، سالار مەحمود، شەهاب شێخ تەیب، جاسم محەمەد عەلی، ئومێد شێخ ڕەحیم ). لە ژمارە(5و6 )دا تەنیا (سالار مەحمود، د.محەمەد زەهاوی، د.فوئاد حسێن، ئیبراهیم باجەڵان ) لە ستافی ڕاوێژکاراندا ماونەتەوە.

دەستەی هاوکارانی گۆڤارەکە لە ژمارە (1 )دا (ئیبراهیم باجەڵان، ڕزگار حاجی حەمید، عەلی بیروەندی، حەسەن هەیاس، شێرکۆ فەقێ حەسەن، عەباس مەحمود، عەزیز یاوەر، توانا باجەڵان، سۆران پالانی، بێستون باجەڵان، لەیلا محەمەد، شیرین خانەقینی، ئاراز فایەق، هێرش سەنگەری، کوردۆ عەزیز، ئارام محەمەد )، لە ژمارە (2و3 )دا (محەمەد شاعیر )ی بۆ زیادکراوە، لە ژمارە (4 )دا ناوی (ساڵح هەلاج ) لەجێگەی (لەیلا محەمەد و ئارام محەمەد )دا دانراوە. هەروەها لە ژمارە (5و6 )دا لەجێگەی (ئیبراهیم باجەڵان و عەباس مەحمود و شیرین خانەقینی )دا (بابان عەبدولکەریم ) دانراوە. ستافی کارگێڕی گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکاندا (ئومێد سەعدوڵڵا و سالار فایەق )ە، کە ئەو کاتە خوێندکاری بەشی زمانی کوردی بوون.

گۆڤارەکە لە دیزاینێکی رێك و شیاودا پێشکەشکراوە، بەرگی دەرەوەی سەرجەم ژمارەکان رەنگاورەنگە و نووسینی ناوەرۆك و بابەتەکانی ناوەوەی رەش و سپییە. وێنەی نووسەر و وێنەی پەیوەست بە بابەتە پێشکەشکراوەکان بۆ بە دکیۆمێنت کردنیان لەگەڵ بابەتەکاندا بلاۆکراوەتەوە. هەر بابەتێك لە لاپەڕەی تایبەتی خۆیدا دانراوە و هاوبەشی بابەتێکیتری نەکراوە. گۆڤارەکە دەستی بۆ هونەری کاریکاتێر و ریکلامی بلاۆکراوەکان درێژکردووە و وێنە و ئەلبۆمی یادگارییەکانی تایبەت بە خانەقی لە هەموو کۆتا ژمارەکاندا بلاۆکردۆتەوە. پۆلێنکردنی بابەتەکان و دانانیان لە گۆشەی تایبەتدا لە هەموو ژمارەکاندا بەرچاوە. قەبارەی فۆنتی تایپکردنی بابەتەکان یەك جۆرە و هەڵەی تایپ لە ناوەرۆکدا هەیە. جگە لە ژمارە (2و3) سەرجەم ژمارەکانیتر لە رووی بەرگی ناوەوەیان بابەت بلاۆکراوەتەوە و لە ناوەوەی بەرگی یەکەمی ژمارە (4)دا ئەم تێبینییە نووسراوە (جگە لە پەیامی (رِوانین) بابەتەکانی دیکە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانێتی و ورێزا لێیان بەرپرس نییە. هەموو وەلاّم و رەخنەیەکیش لەسەر بابەتەکان بلاۆدەکەینەوە). لە ژمارە (5و6)دا هامان تێبینی نووسراوە و لە سەرەتاوە ئەمەی بۆ زیادکراوە (هەموو قەڵەمێك دەتوانێت بە ئازادی لە ورێزا بنووسێت. جگە لە پەیامی (رِوانین)...). دیزاینی ناوەوەی ژمارە (1) لەلایەن (کاروان یارەویس و عەباس خانەقینی)یەوە دانراوە. دیزاینی بەرگی دەرەوەی ژمارە (1-3) لە لایەن (ئەحمەد خۆشنووس)ەوە دانراوە، ژمارە (2-4) دیزانی ناوەوەی (لەیلا محەمەد نووری) دایناوە. لە ژمارە (5و6)دا دیزاینی ناوەوەی (عەباس بابان) دایناوە. دیزاینەری بەرگی دەرەوەی ژمارە (4-6) دیار نییە و ئاماژەی پێنەکراوە.

سایزی چوار بەرگی گۆڤارەکە جیاوازە، سایزی ژمارە (1) 29,5×20,5سم ، ژمارە (2و3) 30×21,5سم ، ژمارە (4) 30×20,5سم، ژمارە (5و6) 29×21سم. ژمارە (1)ی گۆڤارەکە 118 لاپەڕەیە، ژمارە (2و3)ی 114 لاپەڕەیە، ژمارە (4)ی 156 لاپەڕەیە، ژمارە (5و6)ی 148 لاپەڕەیە. ژمارەکانی گۆڤارەکە لە سێ چاپخانە لەچاپدراوە، ژمارە (1-3) لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ژمارە (4) لە چاپخانە و ئۆفیسێتی کەمال، ژمارە (5و6) لە چاپخانەی چوارچرا. تیراژی گۆڤارەکە (500) دانەیە بەزۆری لە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانیدا بلاۆکراوەتەوە بێ ئاماژەکردن بۆ نرخەکەی.

لە ژمارە (1-3)ی گۆڤارەکە هیچ ئەدرێسێك دیار نییە، لە ژمارە (4)دا ئەدرێسی گۆڤارەکە بەم شێوەیە (کوردستان: خانەقی - کۆلێجی ئاداب - لیژنەی مافی مرۆڤ لە خانەقی. کەلار - بینای شارەوانی کۆن - کتێبخانەی بێدار). لە ژمارە (5و6)دا (کوردستان: خانەقی - لیژنەی مافی مرۆڤ - نوێنەرایەتی رۆژنامەنووسانی خانەقی. کەلار - نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان - کتێبخانەی بێدار - خاك).

بەگشتی پێڕستی بابەتەکانی گۆڤاری (ورێزا) چەند تەوەرێك دەگرێتەخۆی: رۆشنبیری گشتی، مێژوو، لێکۆڵینەوە، دیدار و چاوپێکەوتن، زانکۆ و خوێندن، ژن و خێزان، زانست، ماڵی شاعیر و ئەدیبان، وەرزش، ئەلبۆم، کەلوێر، رِوانین، یادگارییەکانی شار، وەرگێڕان و مێژوو، دۆسیەی گەرمەسێر، ریپۆرتاژ، دیدورەخنە، وەرزش و لاوان، خانەوادە، کەلتور، راپۆرتە هەواڵ. بابەتە بلاۆکراوەکان شارەزایانە دابەشکراوەتە سەر ئەم تەوەرانە و تێکەڵکردنی بابەت دروستنەبووە. ناوەرۆك و بابەتەکانی هەمەرەنگە و خزمەتێکی زۆری ئەدەب و رۆشنبیری دەڤەری خانەقی کردووە و بابەتی (ئەدەبی، هونەری، رۆشنبیری، مێژوویی، سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، زانستی، وەرزشی) بلاۆکردۆتەوە. ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی مەزنی بواری رۆژنامەنووسیی کوردییە لە ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێردا.

زمانی بلاۆکردنەوەی سەرجەم بابەتەکانی گۆڤارەکە کوردییە، جگە لە دوو وتار و یەك پارچە شیعری عەرەبی لە ژمارە (5و6)دا بلاۆکراوەتەوە. دیالێکتی نووسینی بابەتەکانیش بە شێوەزاری کرمانجی خواروو و هەندێجاریش بابەت و شیعری شێوەزاری (گۆران) و کەڵهوڕیی بلاۆکردۆتەوە. سەروتاری ژمارە (1) سەرجەم ئامانجەکانی گۆڤارەکە راشکاوانە

دەخاتەڕوو و لەشێوازێكی كلاسیكیدا ناونیشانی سەروتارەكە بە دێڕێكی شیعریی شێوەزاری (گۆران) دەستپێدەكا، كە شێوەزاری خەڵكی ناوچەكەیە:

وریَزا لە خەو چ فەصڵ خەواوەن          شنەی بای نەسیم گۆشەی سەراوەن

ناونانی گۆڤارەكە بە (ورێزا) پشتڕاستی ئامانجەكانی دەكا، كە بەم واتایانەدێت: بووژانەوە، هەستانەوە، ڕاپەڕین، كۆششكردن، ژیانەوە، بێداركردنەوە. بەگشتی مەبەست لە دەرچوونی گۆڤارەكە بووژاندنەوەی ناوچەی خانەقییە لە هەموو ڕووەكانەوە لەگەڵ تۆماركردنی ئەدەبیات و هەموو زانیارییەكانی كۆن و نوێی ئەم دەڤەرە.

گۆڤاری (ورێزا) بەهۆی گیروگرفتی چاپ و نەبوونی چاپخانە لە خانەقی و نەبوونی سەرچاوەی دارایی و بودجەیەكی پێویست بۆ دەرچواندنی، نەیتوانیوە لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا دەربچێ و هەندێجار چەند مانگێك دواكەوتووە، تا بە یارمەتی و گرتنە ئەستۆی تاكە كەسی توانراوە دوا ژمارەی گۆڤارەكە لە زستانی ساڵی (2009)دا بڵاوبكرێتەوە.

سەرەڕای مێژووی كۆنی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی ناوچەی خانەقی، كە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و گەشەكردنی لە كۆتاییەكانی هەمان سەدە و سەرەتای سەدەی بیستویەكدا، بەڵام لە ڕووی دیزاین و ناوەرۆكەوە دەكرێ دان بەوەدا بنەین، كە گۆڤاری (ورێزا) پێشەبیتر هاتۆتەئاراوە و هەوڵێكی نوێیی ڕووناكبیرانی دەڤەرەكەیە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. لەڕووی تەكنیك و ناوەرۆكەوە (ورێزا) یەكەم گۆڤاری كوردیی پێگەیشتووە لە خانەقیدا، كە لە ئاستێكی بەرزدا پێشكەش كراوە و تایبەتمەندیی گۆڤارێكی پرۆفیشناڵی هاوچەرخی سەردەمییانەی تا ڕادەیەك پێوە دیارە.

## تەوەری دووەم: چەمكی پەخشان و بنەماكانی:

لە دنیای ئەدەبدا، لە كۆن و ئێستادا، ئەدەب دابەشكراوەتە سەر دوو بەشەوە، كە (شیعر و پەخشان)ە. هەموو لێكۆڵەر و ڕەخنەگرانی جیهان لەوەدا یەكدەگرنەوە، كە جیاوازی لەنێوان ئەم دووبەشە لە ڕووی ڕوخسارەوە (كێش و سەروا)یە، واتە پەخشان كێش و سەروای نییە و پێچەوانەی شیعرە. لە ڕووی ناوەرۆكەوەش، ئەگەر سۆز و ئەندێشە لە شیعردا زاڵبێ، ئەوە لە پەخشاندا زیاتر جەخت لەسەر بیر دەكرێ و بە كۆڵەكەی سەرەكیی دادەنرێ، چونكە ((زمانی پەخشان زمانی ئەقڵ و ڕوونی بیر))ە[1].

لەڕووی پێناسەی گشتیی ئەدەبەوە، پەخشان بە قسەیەكی زۆری هونەریی ڕێكنەخراو دەوترێ كە شیعر نەبێ، بۆیە ئەدەبناسانی كۆنی عەرەب لە كۆنەوە وتویانە ((پەخشان قسەیەكی بێ كێشە))[2]. مرۆڤ لەو كاتەوە زمانی پڕاوە گفتوگۆكانی لە شێوەی پەخشاندا بووە و بەرانبەری تێگەیاندووە، ئەمەش لەگەڵ پێشكەوتنی ژیانی مرۆڤ و گەشەكردنی شارستانییەتدا پێشكەوتووە، كەواتە ((زمانی گفتوگۆ، قسەیەكی گەیاندەرە لە شوێنی خۆیدا و بناغەكەی داڕشتنە، بە سەرزار و بە شێوەی لاساییش ئەگێڕێتەوە، كە (بیر) بابەتی سەرەكییە لەو جۆرە داڕشتنە))[3].

لە ڕووی فەرهەنگی و واتاییەوە، پەخشان لە زمانی كوردیدا بە شتێك دەوترێ كە بڵاوبكرێتەوە، واتە شتەكەی پەخشان پەخشان كردەوە، یا دەڵێن: پەخش و بڵاوكردەوە. ئەم وشەیە (چاوگ)ی ئەلفییە و وێنەی زۆرە لە زمانی كوردیدا وەك (پێچ، پێچان. بێژ، بێژان. پەخش، پەخشان)[4]. لە فەرهەنگی كوردی- عەرەبیشدا بە چەند جۆرێك لێكدراوەتەوە و بەم شێوەیە هاتووە: پەخشان: نثر، مبعثر، مفروش، مبدد[5]. هەروەها لە فەرهەنگی كوردی-عەرەبی- ئینگلیزیدا، پەخشان: نثر، prose[6]. لە فەرهەنگی كوردی- فارسیدا: پەخش: انتشار، پەخش بوون: پخش شدن، پەخش كردن: انتشاردادن[7]. یان پەخش: بڵاو، پرژاو، پخش. پەخشان: پەخش، بڵاو، نووسراو بەرانبەری هۆنراو،

نەسر، پراکندە، نثر مقابل نظم. پەخشان بوون: بڵاوبون، پرژان. پەخشانکردن: بڵاوکردن. پەخشە: بڵاڤۆك، ئینتیشارات[8]. پەخشان لە سەرەتاوە دەستەواژەیەك بووە بۆ بڵاوکردنەوە بەکارهێنراوە، دواتر لەسەر زاری ڕۆشنبیرانی کورد کراوە بە (ناو) بۆ ئەو ڕستە و نووسینانە کە شیعر و هەڵبەست نین. واتە ئەو نووسینانەی لەسەر لاپەڕەی کاغەز پەخش و بڵاودەکرێنەوە. ئەمەش ڕێکدێ لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، کە وشەی (نثر) بەکاردێنن و واتای بڵاوکردنەوە دەگەیەنێ، پاشان کردیان بە (ناو)، کە دەستەواژەیەکە بەرانبەر بە وشەی (پەخشان) بەکاردێ.

پەخشان هونەر و شێوەیەکی نووسینی ئەدەبییە، هۆش و هەستی مرۆڤ پیشاندەدا، دەربڕی بیر و سۆز و هەڵچوونەکانییەتی، بە زمانێکی جوان و ڕەوان و بیرێکی سفت و پێکەوەبەستراو و ڕیزبەندییەکی واتایی تەواو و واتایەکی ڕوونی بێ پێچ و پەنای بێ کێش و سەروا، کە دەشێت لایەنی جوانکاریشی تێدابێ. لەلایەکیترەوە دەتوانین چەمکی پەخشان بەکورتی لەوەدا بخەینەڕوو، کە بریتییە لە ((دەرخستنی ئامانجێکی دیاریکراو، بە هۆی ڕستەی چەسپاو و دەربڕینی ساکارەوە بەجۆرێك کە دارشتنی ڕستەکان پشت بە واتای ئاشکرا و دیار ببەستن و وابەستەی (بیر) دەبێ و لەناو توخمەکانی بیر و سۆز و ئەندێشەدا، بیر ئاستی یەکەمی بایەخی پەخشان داگیر دەکا))[9]. جەختکردن لەسەر ڕەگەزی بیر لە پەخشاندا ئەوە ناگەیەنێ، کە شیعر بێبەشە لە بیر، بەڵکو لە ڕەگەزە سەرەکییەکاندا دوو ڕەگەزی هاوبەش لە نێوان شیعر و پەخشاندا هەیە ئەویش (بیر و سۆز)ە. ئاستی پلەی بایەخدان بەم دوو ڕەگەزە لە هەردوو جۆرەکەدا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان، لەو بنەمایەوە کە ((بناغەی پەخشان بیرە و سۆز یاریدەدەریەتی، کەچی لە هۆنراوەدا سۆز بناغەیە و بیر یاریدەدەریەتی))[10].

ڕەخنەگرانی ئەدەب لەبارەی ئاسانی بەکارهێنانی شیعر و پەخشانەوە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە شیعر گونجاوترە لە دەربڕینی لایەنی دەروونی و سۆز و هەست و نەستی ئادەمیزاددا، بەوەش دەردەکەوێ، کە بەکارهێنانی شیعر گرانترە لە پەخشان، بەڵام لە ڕاستیدا هەرچەند بەکارهێنانی پەخشان ئاسانتر لە شیعر دێتە بەرچاو، کەچی پەخشان گرانترە و کۆت و بەند و مەرجێکی زۆری پێویستە. سەرەڕای یاساکانی کێش کە شیعر وابەستەی بووە، بەڵام ئازادییەکی تەواوی هەیە بەراورد بە پەخشان، چونکە پەخشان دوو بنەمای هەیە و لە شیعردا بەرچاو ناکەوێ، ئەو دوو بنەمایە (لۆجیك و ڕوونیی تەواو)ە[11]، نووسەری پەخشان دەبەستێتەوە، بۆیە هەرچەند مەبەستی پەخشان باڵابێ پێویستە ڕیزبەندییەکی ڕاست و ڕوونیی تەواوی زمانی هەبێ. کەچی شیعر دەتوانێ ئازادانە خۆی لە ڕیزبەندیی بیر و زنجیرەبوونی و بەستنەوەیان بەیەکەوە و خۆی لە لۆجیك و گفتوگۆ وتاربێژیی پەخشان ڕزگاربکا، بۆیە ((هەرچەند پەخشان لە شیعر ئاسانتر دیارە، بەڵام گرانترە))[12].

گەشەکردنی پەخشان و پەرەسەندنی بەدرێژایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆشنبیریی وڵاتانداهاتووە و تایبەتمەندییەکانی لە خۆبەستنەوە بە ئەو وابەستەیی و قاڵببەندییەی شیعر، بوارێکی فراوانی بۆ ئەو نووسەرانە ڕەخساندووە کە دەستیان لە شیعرنووسیندا نییە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی پەخشاندا دەرگایەکی واڵا لەڕووی ئەو کەسانەدا کرایەوە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەدەبدابوون. هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی بووژانەوە و تەشەنەکردنی پەخشان بوو بەشێوەیەکی خێرا، تا وایلێهات بەشێکی گەورەی ئەدەب پڕبکاتەوە و ببێتە مۆدێرنترین شێوازی نووسین لە جیهاندا و چەند ژانرێکی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ و مۆدێرن وەك هونەری پەخشان سەرهەڵبدا. ئەمەش ئاسانی و سووکی شێواز و ئەرکی پەخشان ناگەیەنێ و لە ئامانج و تەکنیك و جوانکاری ڕووتی ناکاتەوە، بەڵکو ((پەخشانیش وەك شیعر هونەرکاریی تێدا دەکرێت و بە هونەرێکی وردیش ململانێی لەگەڵ ڕەوتەکانی داهێناندا کردووە))[13].

جۆرەکانی پەخشان و دابەشکارییەکانیشی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، هەندێ لەو بۆچوونانەش وابەستەی بیر و باوەڕ و تێڕوانینێکی کۆنە، کە هێشتا لە دابەشکارییەکانی پەخشاندا باس لە کێش وەك تایبەتمەندییەکی

پەخشان دەکرێ، سەرەڕای سەروا کە لە هەندێ جۆردا بەرچاودەکەوێ. عەلائەدین سەجادی لەمبارەوە پەخشان دابەشدەکاتە سەر دوو بەشەوە: پەخشانی سادە و ساکار، کە دوورە لە هەموو شێوەیەکی دەستئەنقەسیی ڕەوانبێژی. پەخشانی هونەری-ئەدەبی، کە هەموو لایەنە هونەرییەکانی تێدایە و هەموو شێوەیەکی ئەدەبی لە خۆدەگرێ و دەبێتە دوو بەشەوە: پەخشانی (مرجز)، کە کێشی هەیە و سەروای نییە. پەخشانی سەروادار، کە بەپێی جۆرەکانی کێش و سەروایان هەیە و لە سێ جۆر پێکدێ: هاوڕوو-متوازي و هاوسەر-مطرف و هاوکێش-متوازن[14]. ئەم جۆرە دابەشکردنە بەرپەچدانەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە (جیاوازی لە نێوان پەخشان و شیعردا تەنیا کێشە)، بۆیە بە درێژایی مێژووی ئەدەبی جیهانی نموونەیەکی پەخشانی کێشدار بەرچاوناکەوێ، ئەگینا هەر زمانێك لە پیت و وشە ورستە پێکدێ، ئەمانەش خاوەن دەنگ و ترپە و ڕیتمن و هەنگاو وپێ و برگەیان هەیە، ئینجا لە پەخشاندا بەکاربێن یان لە شیعردا جیاوازییان ئەوەیە، لە شیعردا بەپێی سیستەمێکی تایبەتی یاسادار بەکاردەهێنرێ و جەختی لەسەر دەکرێ، بەلاَم لە پەخشاندا زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ بەبێ سیستەمی ئەژمارکردنی کێش، چونکە ((کێش دیمەنێکی سروشتییە بۆ ڕستە، جا ڕستە هەر ڕستەیەك بێت))[15].

پەخشان لەلایەنی شێوەوە دەبێتە دوو بەشەوە:

1- پەخشانی بەپاشبەند (مسجوع) واتە سەروادار.
2- پەخشانی ڕەوان (المرسل) واتە بێ سەروا.

لەڕووی ناوەڕۆك و کاکڵی هونەریشەوە دەبێتە دوو بەشەوە:

1- پەخشانی زانستی، کە ڕاستییەکانی زانین و زانستی پێدەردەبڕێت.
2- پەخشانی هونەری، کە ڕێچکەی ئەدەبی گرتووە لە نووسیندا و دەبێتە دوو بەشەوە:

ا- پەخشانی داڕشتن، کە بایەخ بە جوانی داڕشتنەکەی دەدرێ.

ب- پەخشانی وەسفی یان بابەتی، کە لە پەخشانی داڕشتن دەکۆڵێتەوە[16].

جۆرێکیتری دابەشکردنی پەخشان بەگشتی لە دوو جۆر پێکدێ:

1- پەخشانی زارگوتن، واتە زارەکیی تۆمارنەکراو.
2- پەخشانی نووسراو، ئەمەش دوو جۆرە:

ا- پەخشانی فۆلکلۆری، سەرجەم ئەدەبی فۆلکلۆریی تۆمارکراو دەگرێتەوە، کە خاوەنەکەی دیار نییە.

ب- پەخشانی نووسەران، کە خاوەنەکەی دیارە. ئەم جۆرە بەگشتی دوو بەشە:

- پەخشانی زانیاری.
- پەخشانی هونەری، کە دوو جۆرە: پەخشانی سەروادار و پەخشانی ئاسایی[17].

پەخشان بەگشتی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە[18]: کێش ومۆسیقا و سەروا لە پەخشاندا ڕەگەزی سەرەکی نین، بەڵکو ئەوەی هەیە زیاتر ڕیتمی ناوەوەیە، سەرواش بەجۆرێکی جیا لە شیعر دەردەکەوێ، ئەمەش تەنیا لە پەخشانی سەرواداردا دیارە. لەلایەکەوە پەخشان وابەستەی بیرە، چونکە زمانی ئەقڵ و ژیرییە و زمانەکەی دورە لە ئاڵۆزی، ئەرکی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و دەرخستن و ناساندنی زاراوە و بیر و چەمکەکانی هەیە، بۆیە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە

دارِشتنیدا کەمتر بەکاردێن، ئەگەریش بەکارهاتن ئەوە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست و دواندنی هۆش ولۆژیکن. هەروەها دارِشتنی دەق لە پەخشاندا وابەستەی سیستەمە گراماتیکییەکانی هەر زمانێکی دیاریکراوە. لەلایەکیترەوە لاساییکردنەوە لە پەخشاندا خۆی بە قاڵبێکی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە، بۆیە دەیان جۆر وتار و بابەتی نووسراویتر سەریهەڵداوەتەوە بێ ئەوەی پێوانەیەکی دیاریکراویان هەبێ. خەیاڵ و تاقیکردنەوە و ئەزموونی تاکە کەسی وەك چۆن لە شیعردا گرنگە لە پەخشانیشدا گرنگن، بەڵام خەیاڵ لە پەخشاندا سنووردارە.

هونەرەکانی پەخشانیش وەکو زمان پەیدادەبێ و گەشەدەکا و سست دەبێ و لەناودەچێ، لە کۆنەوە بۆ ئێستا چەند گۆڕانکارییەك بەسەر دوو لقە سەرەکییەکەی ئەدەبدا هاتووە، هەندێ لە هونەرەکانیان ئاڵوگۆڕی پێکراوە و لە شیعرەوە بووە بە پەخشان یان هەر باویان نەماوە[19]. لەم تێڕوانینەوە دەتوانین هونەرەکانی پەخشان لە کۆندا بەم شێوەیە پۆلێنکەین: پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، نوتق (خیطابة)، حیکایەت و ئەفسانە، نامە ونامیلکە، کتێب ودانان. هونەرە نوێکانی پەخشانیش بریتین لە: وتار، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆگەری، ژیاننامە و بیرەوەری و چەند هونەرێکیتر[20]. بەشێوەیەکیتر دەتوانین پەخشان بە هەردوو جۆرەکەیەوە (زانیاری و ئەدەبی) بەم شێوەیە دابەش بکەین: وتار، خوتبە، چیرۆك، چیرۆکی کورت، ڕۆمان، شانۆگەری، ژیاننامە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بیرۆکە، دانان، لێکۆڵینەوە، نامە، وەرگێڕان، مێژوو، وتووێژ[21]. ئەم هونەرانە بەشی گەورەی ئەدەبی کوردی پێکدێنن و هەریەکێکیان ڕۆڵ و گرنگی خۆیی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبەکەدا، کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن و تەنیا بایەخ بە لایەنێکی ئەدەبی بدرێ و بەشە گەورەکەی نەخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە.

## بەشی دووەم :

## هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (ورێزا)دا :

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کات و سەردەم و بارودۆخێکی تایبەتدا هۆکارێکی سەرەکیی دروستبوونی پێوەندییەکی بەهێزە لە نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیدا، بەجۆرێك ئەستەمە لە یەك جیابکرێنەوە. شاعیر و ئەدیبانی کورد دەستی باڵایان لە کاری ڕۆژنامەنووسی و بەڕێوەبردنیدا هەبووە، ڕۆژنامەنووسیش هۆکارێکی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەدەب و دەستنیشانکردنی سیماکانی بوو. لەڕێگەیەوە چەند ژانرێکی نوێی ئەدەبی جیهانی بۆ یەکەمجار کەوتە بەرچاو ڕۆشنبیرانی کورد و چەند ژانرێکی نوێی ئەدەبی کوردیش بەتایبەت لە بواری پەخشاندا بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەدایکبوو و ڕاستەوخۆ بڵاوکرایەوە، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی مۆرکێکی ئەدەبی هەڵگرتووە و لە ئەنجامدا هۆکار بوو بۆ پاراستنی شیعری کۆن و نوێ و نۆبەرەی پەخشانی ئەدەبیی کوردی و هونەرەکانی و بڵاوبوونەوەیان و بوو بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی توێژینەوەی ئەدەبی[22].

پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (ورێزا)دا بە پێی گرنگییان لەم چەشنانە پێکهاتووە :

### 1- وتار :

وتار گرنگترین و بەچێژترین هونەری پەخشانی ئەدەبییە. وەك هونەرێك بنەمای ڕۆژنامە و گۆڤارە و ((مێژووی سەرهەڵدانی بەستراوەتەوە بە مێژووی ڕۆژنامەنووسییەوە))[23]. خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی ئەو ڕاستییەمان پیشاندەدا، کە وتار لە هەموو چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکانیتر زۆرتر بەکارهاتووە و نووسەران سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێناوە. وتار وەك هونەرێکی نوێی ئەدەب لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە هاتۆتە ناو جیهانی ئەدەبی کوردی و گەشەیکردووە و ژانری نوێی بەدوادا پەیدابووە، ئەمەش زۆرجار تەنها بەسەر ئەدەبی

کوردییەوە پراکتیك ناکرێ، بەڵکو لای زۆر لە نەتەوەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتدا بە هەمان شێوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە لەدایکبووە و بە هونەرێکی نوێ ئەژماردەکرێ، ئەم هونەرە ( لە ئەدەبی عەرەبیشدا نوێیە و بەهەمان شێوە و لە هەمان ڕێگاوە پێی گەیشتووە ) [24].

هونەری وتار جیاواز لە هونەرەکانیتری ڕۆژنامەنووسی، زیاتر پێوەندە بە ئەزموون و تێڕوانینی نووسەرەکەی بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر و چۆنییەتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دیاردە و بابەت و بەسەرهاتەکان یان دەربڕینی بۆچوونێکی تایبەتە. ئەمەش بۆخۆی تێڕوانینی جیاواز لەبارەی پێناسەکردنی دێنێتە ئاراوە، بەلام بەشێوەیەکی گشتی وتار (( ئەو نووسینە ئەدەبییەیە، کە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان دەگرێتەخۆ و لێکدانەوە و شیکردنەوەی گەلێ مەبەست و بابەتی دروستکردووە. کە کۆمەڵێ خاسیەت و شەقلی هونەری لە کورتبڕی لە چەند پەرەیەك و زاڵبوونی بیر و بەشدارکردنی سۆز و خەیاڵ لە قاڵبێکی هونەری و قاڵبێکی دیاریکراودا کە گونجان و بەستنەوە لە بابەتەکە دروست بکات )) [25]. هەروەها(( وتار پارچە ئەدەبێکی پەخشانە، نە کورت نە درێژ، بەشێوازێکی ڕوون، بە زمانێکی دڵگیش لە بابەتێك لە بابەتەکانی ژیان دەدوێ )) [26]. نووسەر لە نووسینی وتاردا کاتێکی زۆری ناوێ و زۆرجار بەشێوەیەکی خۆڕسك دەستدەداتە نووسینی و دەربڕین لە بیر و بۆچوون وکەسێتیی دەکا، بە شێوازێکی سادە و ساکار بابەتکە دادەڕێژێ و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بەبێ قووڵبوونەوە و چوونە ناو تێکڕاییەکان.

سەرەڕای زۆری پێناسەکانی وتار لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیدا، بەلام تێکەڵبوونێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕوودەدا. لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی هەوڵێکی باشیان بۆ جیاکردنەوەیان داوە، ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەبارەیانەوە هەیە، بۆیە لەڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە دەتوانین ئەم پێناسە بۆ ڕوونکردنەوە بەکاربێنین (( گوتار لە ژانرە بەربلاوەکانی ڕۆژنامەنووسییە بۆ لێکۆڵینەوە و ناساندن، بەرزکردنەوە و گەیاندنی پرسیارێکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵ، کە لە ئەنجامدا زۆرجار دەبێتە مشتومڕی زۆر. جا چ لەسەر ئەو پرسیارەی لە گوتارەکە بەرزکراوەتەوە، چ لەسەر ناوەرۆکی گوتارەکە )) [27]. کەچی لەڕووی ئەدەبییەوە دەبێ وتاری ئەدەبی (( جۆرە شاعیریەت و بەهرەیەکی تیابێ و نووسەر زۆر لەخۆی نەکات بۆ نووسینی و لە مەرجە سەرەکییەکانی تەکنیکی هونەری و خودی نووسەر دەربڕینە )) [28].

وتار لەسەر سێ کۆڵەکە هەستاوە: (( سەرنجدان لە ژیان، وردبوونەوە لە دیاردەکانی ژیان، ڕامان و تێفکرین لە ماناکانی ژیان )) [29]. بەگشتیش لە یەك شێواز و لە یەك بەرگدا دەرناکەوێ ، بەڵکو هەمەڕەنگە و جیاوازە و دەقەکەی دابەش دەبێ بۆ (( سەرەتا و ناوەرۆك و کۆتایی )) [30]. جۆرەکانیشی لە کۆنەوە دابەشکراوەتە سەر دوو جۆر ( وتاری خودی و وتاری بابەتی ). لە ڕووی زمان و جۆرەوە دابەشدەبێ بۆ ( وتاری زانستی و وتاری ڕۆژنامەنووسی و وتاری ئەدەبی) [31].
لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا وتاری چاپەمەنییەکانیش دووجۆری گشتی هەیە ( وتاری ڕۆژنامەوانی و وتاری داڕشتن ) [32].

گۆڤاری ( وریزا ) دەستی بالای لە بلاوکردنەوەی وتاردا هەبووە، لاپەڕەکانی بەم هونەرەی پەخشان ڕازێنراوەتەوە، کە بەرهەمی بیر و هزری ڕۆشنبیرانی خانەقی و دڵسۆزانی دەرەوەی دەخاتەڕوو. وەك گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش خۆی، وتاری بە بڕبڕەی پشتی کاری ڕۆژنامەنووسی زانیوە و بایەخ و گرنگییەکی باشی پێداوە. دیارە ئەم کارە بەم شێوە فراوانە بۆ یەکەمجار لە ناوچەی خانەقیدا ئەنجامدراوە و هەنگاوێکی بێهاوتای مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دەڤەرەکەیە. ڕۆشنبیران، ئەدیب و نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایانی زانکۆ، خوێندکارانی کۆلێجەکان، بەشی گەورەی کاری گۆڤارەکەیان لەئەستۆدابووە، وتاری هەمەڕەنگیش لە بیر وهزریاندا لەدایکبووە و لە گۆڤارەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. بابەتی وتارەکان هەمەڕەنگە و پەل بۆ زۆر مەبەست و ناوەرۆك دەهاوێژێ، بۆیە لێرەدا چەند جۆرێکی وتار لەڕووی مەبەست و ناوەرۆکەوە دەخەینەڕوو و نموونەیان بۆ دێنینەوە.

- وتاری سیاسی: ئەو وتارەیە کە بابەتی سیاسی لەخۆدەگرێ، زۆرجار لەلایەن کەسانی سیاسی و حیزبییەوە دەنووسرێ بەمەبەستی شیکردنەوە و ئاشکراکردن و جێگیرکردنی ئایدیایەك. ئەم جۆرە وتارە لە گۆڤاری (وریزا)دا بەرچاوە، بەڵام بەگشتی وتارەکان بۆ مەبەستی گشتی یان نەتەوەیی و لە بەرژەوەندی کورددایە، خزمەتی سیاسەتی کوردی لە ناوچەکەدا کردووە بێ ناو هێنانی هیچ پارتێکی سیاسیی. بۆ نموونە لە ژمارە(5و6)ی گۆڤارەکەدا چەندین وتاری سیاسی بڵاوکراوەتەوە بۆ لێداوان و ناساندن و باسکردنی سیاسەت بەگشتی[33]. هەروەها باسکردنی باری سیاسیی عێراق و پلان و ستراتیژی وڵاتە زلهێزەکان و ئەمەریکا و هەڵەکانیان لە ناوچەکەدا[34]. لەلایەکیترەوە گۆڤارەکە بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستانی بەگشتی خستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و دەربڕی خواست و ئاواتەکانی میللەتی کوردبووە بۆ مافی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە ڕەزامەندی وڵاتە گەورەکانی جیهان[35].

باری سیاسیی ناوچەی خانەقی بەتایبەت پاش ڕوودانی چەند ئاڵۆزییەك لە ناوچەکەدا و سەرهەڵدانی چەند کێشەیەکی سیاسی و ماددەی (140)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ و داهاتووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بابەتێکی فراوانی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی داگیرکردووە بەتایبەت لە بابەتی وتاردا. دیارە ناونیشانی وتارەکانیش ڕوونکردنەوەیەکی ڕاست و ڕەووانی مەبەست و ناوەرۆکی ئەو وتارانەیە. بۆ نموونە نووسەر (عەلی حسێن) لە وتاری (کێشەی خانەقی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا) باس لە تەبایی و یەکگرتنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە هەمەڕەنگەکانی شاری خانەقی دەکات و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە و بە زمانێکی سادە و ساکار دەنووسێت ((لە سایەی ئازادی و دیموکراتی و حوکمڕانی کورد لەو شارە خۆشەویستەدا گەلێك پێشکەوتنی بەرچاو هاتۆتە ئاراوە و هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی شارەکەمان نەبووە و نەکراوە، بۆ ئەوەش مێژووی دوور و نزیك گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن...))[36].

- وتاری کۆمەڵایەتی: بابەتی وتاری کۆمەڵایەتی دیاردە سەردەمییەکان دەگرێتەوە کە پێوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، ئیتر ئەو دیاردانە هەرشتێکبێ لەناو کۆمەڵدا سەرهەڵدابێ، نووسەریش ئەندامێکە لەو کۆمەڵە ((لەبەر ئەوە دەوری کارلێکەر و کارتێکراو دەبینێ))[37]. گۆڤاری (وریزا) گۆشەیەکی تایبەتی لە ژمارە (1) و (2و3)دا بۆ وتاری کۆمەڵایەتی تەرخانکردووە لە ژێر ناونیشان (ژن و خێزان) و (خانەوادە)دا، لە هەر ژمارەیەك چەند وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و بەگشتی بابەتی کۆمەڵایەتی[38] و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی باس و پێشانداوە[39]. ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری و بەرزنرخاندنی، پانتاییەکی باشی وتارەکانی وەرگرتووە و بەتێروتەسەلی باسکراوە[40]. هەروەها باسکردنی ڕەوشی ژنان[41]، شکاندنی بێدەنگییان لە ئاستی ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرێ، بەتایبەت لە ژیانی خانەوادەیی و لە لایەن هاوسەرانیانەوە بە ناوی خزمایەتی[42].بۆ نموونە ووسەر (وەصفیە بەنی وەیس) لە وتاری (نابێ ژن بێدەنگ بێ..!)دا، بۆ بەرگری لە ژنان دەڵێت: ((ڕۆژی 8ی مارسیش وەکو هەموو ڕۆژەکانیتر هەڵدێ و جیاوازتر نییە، مەگەر بەو لافیتانە جیابکرێتەوە کە ئێمەی ژن بۆ پیرۆزکردنی ئەو بۆنەیە هەڵیواسین. کە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژە هەڵدەدەینەوە، هێشتا دێڕەکانی پڕ ماتەمن و داستانی کارەکتەرەکانی بە خەمبارییەوە دەگێڕنەوە کە بە ئاواتەکان شاد نەبوو...))[43]. منداڵیش شوێنی تایبەتیی خۆیی لە کۆمەڵگەدا هەیە و خانەوادە ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەکردنیاندا دەبینێ[44]، ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵانیش دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی خانەوادە و دواتر دەسەڵات و حکومەت[45]، چونکە ئەرکی سەرۆکی خانەوادە تەنیا ئەوە نییە بە باوك یان دایکی منداڵ بناسرێن، کە ئەوە کارێکی ئاسانە، بەڵکو ئەرکی گەورەی لە پەروەردەکردنی منداڵاندایە. لە وتاری (بوون بە باوك ئاسانە، باوکایەتی گرانە!)ی (محەمەد سابیر کەمر)دا،نووسەر بە شێوازێکی ناوازە و پڕ لە سۆز باسی باوکایەتی و ئەرکە پیرۆزەکەی دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، بۆیە لە هەندێ شوێندا وتەی ڕاستەوخۆی ئاڕاستە دەکات ((کاتێك کە

هەڵگری وشەی باوکیت بەو هەموو مانا پیرۆزەیەوە کە سەرانسەری جیهان لە بەرامبەریدا مل کەچن، باوك بەرامبەر بە منالْ پڕە لە جوانی ، پڕە لە خەیالْ و ئەندێشە و بەهرە و خولیا و ئارەزوو...))[46].

- وتاری ڕۆشنبیری: ئەو وتارەیە کە باس لە ڕۆشنبیری و ئاستی ڕۆشنبیری و کێشەکانی دەکا، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەرە. گۆڤاری (وریزا) بایەخی تایبەتی بەم بابەتە داوە، لە بنەمای ئەوەی کە خوێندکارانی زانکۆ دەستی بالأیان لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا هەبووە. بۆیە گۆشەیەکی تایبەت لەژێر ناوی (زانکۆ و خوێندن) لە چوار بەرگی گۆڤارەکەدا جێگیرە. بابەتەکانی ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ باسی زانکۆ و خوێندکاران وچۆنییەتی بەرەوپێشچوونی ئەم ناوەندە لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا[47]. لە لایەکەوە کێشەی خوێندن و مامۆستا وخوێندکار بووە بە جێگەی سەرنج و ڕەخنە بە مەبەستی چارەسەرکردن[48]. لە لایەکیترەوە هاندانی خەڵکی دەڤەرەکە بەرەو خوێندنی کوردی بۆ پاراستنیان لە تەعریب کردن، لەم بارەوە (بێستون باجەلأن) لە وتاری (تەعریبی منالأنمان بە دەستی خۆمان)دا باسی ئەم کێشە دەکات و چەند پرسیارێك دەورووژێنێ و وەلأمیشیان دەداتەوە و دەڵێت: ((ئایا دەبێ هۆکاری سیحری زاڵبوونی زمانی عەرەبی بەسەر زمانەکەماندا چیبێت؟ ئایا بە لێشاو هاتنی عەرەبەکانی ناوەڕاستی عێراق بۆ کوردستان هۆکارە بۆ ئەو زاڵبوونە؟ بەڕای من نەخێر، چونکە گەر خێزان و بواری پەروەردە کەمتەرخەم و بێدەربەست نەبوون هەرگیز زمانی کوردی ڕەسەن بیرناکەن و کلتووری نەتەوەیتر ناتوانێت بە ئاسانی بەسەر کلتورەکەماندا زاڵبێت...))[49].

- وتاری زمانەوانی: ئەو وتارەیە کە پسپۆڕێکی زمانەوانی لەبارەی زمان و ڕێزمانەوە دەینووسێ و بنەماکانی شیدەکاتەوە یان لایەنە شاراوەکانی دەخاتەڕوو. لە گۆڤاری (وریزا)دا تەنها سێ وتاری زمانەوانی بلأوکراوەتەوە. دوو وتار لەبارەی ئەلفوبێی کوردی و لاتینییەوە[50].دواتر دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کە ئەو کاتە (ساڵی 2006) مامۆستای وانەبێژ بووە لە کۆلێجی ئادابی خانەقی، بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی ئەکادیمی، وتارێکی بلأوکردۆتەوە لەبارەی مێژووی ئەو سەرچاوانەی لە کوردستان و یەکێتی سۆڤێت و ئەوروپا و ئەمریکادا باسی زمان و ڕێزمانی کوردییان کردووە[51].

- وتاری مێژوویی: ئەو وتارەیە کە مێژوو و لاپەڕە نهێنییەکانی هەڵدەداتەوە و دەیکاتە کەرەستەیەکی خاوی بابەتەکە یان بۆ یەکەمجار مێژووی پرشنگداری نەتەوەیەك، کەسایەتییەك، ناوچەیەك، ڕووداوێك وەکو دکیۆمێنت تۆماردەکا. گۆڤاری (وریزا) بایەخی باشی بەم جۆرە وتارە داوە و گۆشەیەکی تایبەتی لەژێر ناوی (وەرگێڕان و مێژوو)ی بۆ تەرخانکردووە، چەند بابەتێکی لەبارەی ناوچەکانی گەرمیان و گەرمەسێر بلأوکردۆتەوە. ئاسەوارەکانی حەوش کوڕی[52]. کرماشان[53]، ناوچەی بنکورە[54]، دێی مەحمود قەجەر[55]، شاخی مرواری[56] و چەند بابەتێکیتری مێژوویی و ئەلبۆمی وێنەکان کە لەهەموو ژمارەکاندا لە ژێر دروشمی (مێژوو)دا بلأوکراونەتەوە.

- وتاری زانستی: ئەو وتارەیە کە لێکۆڵینەوە لە بوارە زانستییەکاندا ئەنجام دەدا، بۆ خستنەڕووی نهێنییە زانستییەکان یان ڕوونکردنەوەی بابەتێك لەهەر بوارێکی زانستیدا. گۆڤاری (وریزا) چوار وتاری زانستیی بلأوکردۆتەوە. دوو وتاریان وەرگێڕانی بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ[57] و بەسەرهاتی لەناوچوونی (دیناسۆر)ەکانە[58]. دوو وتارەکەیتر لەبارەی نەخۆشی ئێسك[59] و دەوا ودەرمانی کوردەوارییە[60].

- وتاری ئەدەبی: وتارێکی خودییە بە زمانێکی هونەریی پڕ لە سۆز و ئەندێشە لە ئەزموونی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ و خێرا دەنووسرێ و پێشکەش دەکرێ. ئەم جۆرە وتارە ((زادەی خۆ خواردنەوە و ڕامان و هەست و وروژاندنێکی لە

مێژینەیە و لە ساتێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێ، نووسەر (خودی) خۆی تێدا دەنوێنێ و جوانکاری لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەی خەیاڵی و وروژانی خوێنەر بە هەست و نەستێکی ناسك دەخاتەڕوو ))[61].

هەرچەند لە گۆڤاری (وریا)دا بەشێك بۆ ئەدەب بەگشتی دانراوە لە ژێر ناوی (ماڵی شاعیر و ئەدیبان)دا، بەڵام لەم بەشەدا زۆرتر بایەخ بە بڵاوکردنەوەی شیعر دراوە بەرانبەر بە پەخشانی ئەدەبی و هونەرەکانی. ئەوەی کە هەیە تەنها لە ژمارە (1)ی گۆڤارەکەدا دوو پارچە وتاری ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە. (خالد ئەسکەندەر) لە پارچەیەکی کورتدا نائومێدی و حەسەرەتەکانی خۆی بە شێوەیەکی هونەریی بەرزی پڕ لە هەست وسۆز و ئەندێشەی فراوان و وشەی هەڵبژاردەی ئەدەبی پێشکەش دەکا، بێ ئەوەی خوێنەر لە مەبەست وناوەرۆکی بابەتەکە تێبگا سەرنجی ڕادەکێشێ و دەڕواتە نێو دنیای ئەفسوناویی دەقەکەوە ((ئەسرینێکی تر لە چاوەکانم پەنهان بوو، گوێم لێتە چەند بە تێڕوانینێکی سیحراوییەوە لەم عیشقە میحیبەتەی منت دەڕوانی، ئای لەم بەزمە عیشقە دنیا لەچی خەراباتێکەوە ئەهێنێتە سەربوون. تۆ ئەو دەستە کۆچەریانەبوویت گوڵەکانی کەناری ئەوینت چاند، ئیتر لیمناوەشێتەوە بەسەرتا تێپەڕیکەم... ئەمشەو لەم تاوە ڕێگە سەرما سڕاوەیەوە هاتوومەتە بەر دەرگای ژوورەکەت بۆ دۆزینەوەی خەونێکیتر لە خەونەکانم...))[62].

د.فەرهاد پیربال لە ژمارە (1)ی گۆڤارەکەدا وتارێکی لەژێر ناوی (پاڵەوان)دا نووسیوە و ڕەخنە و ڕووی دەمی لە حکومەت دەکا و بە زمانێکی ئەدەبی و کورتە وێنەی هونەری، بیرە گوماناویە ڕەشبینەکانی بەرەو داهاتوو دەبا ((...ساڵی داهاتوو ئاخۆ نرخی ڕووناکی کەمێك هەرزانترنابێ؟ حکوومەت وامان لێدەکا ئەگەر بە سیپاڵێکی شڕیشەوەبین ناچار ورەمان بەرز، بەردەوام عەردێکی بێحاسڵ بکێڵین: هێندە ڕقمان لە زەلیلی خۆمان هەستێت بچین بەڕووتی لەسەر سنوور بەرامبەر لەشکرێکی وەك ئەوەی (ئاق قۆینلوو) بجەنگین...))[63].

## 2-کورتە چیرۆك :

کورتە چیرۆك بابەت و نووسینێکی کورتە، نووسەر هەڵوێستێك یان هەستێك یان ڕووداوێکی ژیان یان گرتەیەکی دیاریکراو یان هەر کردارێکی بچووك و سەرنجێکی ورد لە زەینی خۆیدا وەردەگرێ و تێکەڵی بیر و باوەڕەکانی دەکا و لە پەرەگرافێکی خۆیی بچووکی هونەریدا پێشکەشی دەکا، یان ((وەك تیشك وایە لە ساتێکی کورتدا دەخرێتە سەر یەك کەس یان یەك ڕووداوی بچووك و بە ووردی و قووڵی پێشانی دەدا))[64]. بەووەش دەناسرێ، کە ((چیرۆکێکی تەواوە لە گێڕانەوەیەکی کورتدا))[65]. هەندێ لە لێکۆڵەران کورتی ماوەی خوێندنەوەی کورتە چیرۆك دەکەنە پێوانەی جیاکردنەوەی لە چیرۆکی ئاسایی، بەڵام لەبەرئەوەی خێرایی خوێندنەوە ماوەکە کورت و درێژ دەکاتەوە، بۆیە لەسەر ئەم ڕایە کۆك نین. پێوانەیەکیتر پێوەندیی بە ژمارەی وشەکانییەوە هەیە، کە بە 500 یان نێوان 1500 بۆ 10000 وشە دانراوە، ئەم مەودا فراوانە جارێکیتر دەبێتە هۆی ناکۆکی لێکۆڵەران. لە پاڵ ئەمەدا نووسەرانی کورتیلە چیرۆکیش ڕای جیاوازتر دەخەنەڕوو و ناکۆکییەکە گەورەتردەبێتەوە ئەوکات کە لە بارەی ژمارەی وشەکانی کورتیلە چیرۆکەوە دەڵێن: ((لە چوارچێوەی هەزار و پێنج سەت تا دووهەزار وشەدا دەبێ چیرۆکێکی تەواو بنووسی کە هەموو مەرجەکانی چیرۆکی تێدابێت))[66]. بەگشتی چیرۆك لەڕووی مەودا و درێژییەوە پێکهاتووە لە (ڕۆمان، چیرۆك، کورتە چیرۆك، کورتیلە چیرۆك)[67]. مێژووی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، بارودۆخی ئەو سەردەمە و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك بۆ خوێندنەوەی بابەتی پوخت و کورت هۆکاری سەرەکیی لەدایکبوونیەتی لە ئەدەبی جیهانیدا. جۆرەکانیشی پێکهاتووە لە:[68]

1- كورتە چیرۆكی هەڵوێست یان (ڕووداو).
2- كورتە چیرۆكی كەسایەتی. هەروەها شێوازی كاریكاتێری،كە ئەو دووجۆرە پێكەوە دەبەستێ.
3- كورتە چیرۆكی هەڵچوون، مۆركی ڕۆمانتیكی پێوەیە.
4- كورتە چیرۆكی بیرۆكە، بیرۆكە دەبێتە جێی بایەخ.

چیرۆك هونەرێكی سەرەكیی پەخشانە، بنەما و مێژوویەكی كۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ فۆلكلۆری میللەتان. لای كورد لە كۆنەوە بەناوی (حیكایەت، نەقڵ، مەتەڵۆك)[69] پەیدابووە و بەشێكی گەورەی ئەدەبی فۆلكلۆریی كوردیە. لە شێوەی نووسراویشدا، چیرۆكی (مەم و زین)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی، كە مێژووی نووسینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی (1856ز) لە هەموو دەقی پەخشانە هونەرییەكانی پێش خۆی كۆنترە[70]. هەروەها دەبێتە (یەكەم دەقی پەخشانی هونەریی كوردی و یەكەم چیرۆكی هونەریی كوردی لە مێژوودا)[71]. چیرۆك ڕۆڵی سەرەكیی بینیوە لە گەشەكردن و پەرەسەندنی پەخشانی هونەریی كوردیدا، (سەرەتای گەشەكردنەكەش دەگەڕێتەوە بۆ دەركەوتنی چاپ و چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی كوردی)[72]. گۆڤاری (ڕۆژی كورد 1913) یەكەم بڵاوكراوەی كوردییە لە چوار ژمارەكەیدا لە ژێر ناوی (چیرۆك و چیرۆكی كرمانجا)دا بابەتی بڵاوكردۆتەوە و نووسەرەكانی (فوئاد تەمۆ و كندۆ)یە[73]، لە ژمارە چواریشدا (چیرۆكی شێر و ڕێوی)ی بەبێ ناوی نووسەر بڵاوكردۆتەوە[74]. لە پاش جەنگی یەكەمی جیهانی ڕۆژنامەنووسیی كوردی بەتەواوی گەشەیكرد بەتایبەت لە بەغدا و سلێمانی، چیرۆكیش لەپاڵیدا بنجی كوتا و پەرەیسەند[75]، تا دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ 1939-1949) لە بەغدا، كە (بە سەرەتای نووسین و بڵاوكردنەوەی كورتە چیرۆكی كوردی دادەنرێ)[76].

گۆڤاری (وریا) كەمتر لە وتار و شیعر بایەخی بە كورتە چیرۆك داوە، دیارە ئەوەش وابەستەی تەكنیك و هونەركارییەكانی چیرۆكە بەگشتی، كە پێویستی بە ئەزموون و ڕاهێنانی بەردەوامە بەتایبەت لە ناوچەیەكی دابڕاو لە باشووری كوردستان. لەگەڵ ئەوەدا دەتوانین كورتە چیرۆكەكانی گۆڤارەكە دابەشكەینە سەر دوو جۆر:

یەكەم: <u>كورتە چیرۆكی نووسەران</u>: لە گۆڤارەكەدا تەنها سێ كورتە چیرۆك بڵاوكراوەتەوە[77]. لە ژمارە (1)دا (سۆران میل قاسمی) كورتە چیرۆكێكی لە ژێر ناوی (جەرگی سووتاو)دا بڵاوكردۆتەوە، بابەت و مەبەستێكی تراجیدی قووڵ پیشاندەدات، هەوێنەكەی لە ڕووداو و بەسەرهاتێكی دڵتەزێنی ناوچەی هەولێرەوە وەرگیراوە، كە گفتوگۆی دایكێكە لەگەڵ كوڕەكەی لە چركە ساتەكانی پێش مردنی كوڕەكە تا ئەو كاتەی گیان لەدەستدەدات. ئەم تراجیدیایە گرتەیەكی نایابی تەنیا ئەو كاتە هەستبزوێنەیە، كە مرۆڤ پیرۆزترین شت لە دەستدەدات. زمانی نووسینی كورتە چیرۆكەكە لوتكەی داهێنانە، زمانێكی ناسك و پڕ لە سۆز و هەستە، كە نەستەكانی مرۆڤ دەجۆشێنێ. لەڕووی تەكنیكەوە وشەكانی نزیكەی (500) وشەیە. لە (سەرەتا و گرێ و كۆتایی) پێكهاتووە. كات (زەمەن)ی كورتە چیرۆكەكە ئەو كاتەیە لە نێوان ژیان و مردندا. هیچ شوێنێكی دیاریكراویشی نییە و گێڕانەوەكە لە دەرەوەیە. دیالۆگێكی كورت لە نێوان دایك و كوڕدا دروستدەبێ، هەرچەند لە سەرەتای خوێندنەوەوە هەست بەوە دەكرێ كە تەنها مەنەلۆگێكە لەناخەوەی دایكە، بەڵام لە كۆتاییدا كوڕ وەڵامی دایكی دەداتەوە و تەكنیكەكە دەبێتە دیالۆگ. كۆتایی ئەم بەسەرهاتە بە چەند پیتێك تەواو دەبێت كە ئاماژە بە مردنی كوڕەكە دەكا (تۆ مەیە ب-م-ێ-ن-ە-و-ە....). كورتە چیرۆكەكە بەم شێوەیە دەستپێدەكا ((لەگەڵ ناڵە و گریەدا، فرمێسك لە دیدە دەچۆڕا و هۆن هۆن بەسەر قەتماغەی برینەكەیدا دەباراند، كە فرمێسكی پڕ لە ژان و خوێنی تەڕ ئاوێتەدەبوون، دیمەنی نیشتمانێكی كاولی بەر نیگای دایكی دەدا، ئەگەرچی پەردەیەكی هەمیشەیی فرمێسكن ڕەنگەكانی تێكەڵ و دیمەنەكانی تەڵخ دەكرد...))[78].

سەركۆ محەمەد لە كورتە چیرۆكی (مەرگی ماسی)دا[79] لە شێوەی گێڕانەوەیەكی ئاساییدا بە وردی باس لە دیمەنی ڕاوە ماسی دەكا، لە سەرەتاوە چۆن ڕاوی دەكەن و ئەنجامەكەی كە لەسەر ئاگر تەواودەبێ. ئەم گرتەیە نووسەر واقیعی بینیویەتی و لەشێوەی باسكردنی ئاساییدا گێڕانەوەی بۆ كردووە، هەست و بەزەیی خۆی بەرانبەر بە دیمەنەكە پیشانداوە. لەڕووی تەكنیكەوە سەرجەم بنەماكانی كورتە چیرۆكی تێدایە، بەلام سەرنج ڕاكێش نییە.

دیار جەوهەر لە كورتە چیرۆكی (فرمێسكێك پڕ لە عشق)[80]دا، ڕەفتاری گەنجان و هەرزەكاران لە خوێندگاكاندا دیمەن دەكێشێ و چیرۆكی خۆشەویستیی بێگەردی ئەو تەمەنە و ئاوات و ئەندێشەیان پیشاندەدا. تراجیدیای خۆشەویستی و عیشقی ڕاستەقینەی فرمێسكاوی و كێشەی كۆمەلایەتی و ستەمكردن و پێشێلكردنی مافی ئافرەت و بەزۆر بە شودانیان تێكەڵدەكا. ئەنجامی ئەو عیشقەش لە كۆتاییدا وەك گەلای دار دەوەرێ و بێ ئەنجام دەبێ.

دووەم: كورتە چیرۆكی وەرگێڕاو: بەگشتی بابەتی وەرگێڕان لە گۆڤارەكەدا ڕەنگی داوەتەوە و بایەخێكی باشی پێدراوە. لە ژمارە (1)دا لە ژێر ناوی (ناوبانگی خراپ)[81]دا (18)[82] كورتە چیرۆكی كتێبی (افسانەهای كوچك چینی)ی نووسەر (ئەحمەد شاملۆ) لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، كە بنەماكانی لە كورتە ئەفسانەی چینییەوە وەرگیراوە. لە هەمان ژمارەدا چیرۆكێكی پۆلیسی بلاوكراوەتەوە لە ژێر ناوی (شەمەندەفەرێك لەگەڵ سەرنشینی مەرگ)[83]، ئەم چیرۆكە (اصغر شفیعی نیك) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی ولە ژمارە (121)ی گۆڤاری (مجموع الدول)دا بلاوكراوەتەوە، دواتر (تەها باجەلان) بە دەستكارییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی. لە دوا ژمارەی گۆڤارەكەدا كورتە چیرۆكێكی ئەفسانەیی لە بارەی (پەرییە دەریاییە بچكۆڵەكە) و بەسەرهاتی خۆشەویستیی لەگەڵ مرۆڤدا و ئەنجامە بێ ئاكامەكەی ئەو خۆشەویستییە بۆ چێژ وەرگرتن بلاوكراوەتەوە سەرەتاكەی بەشێوازی فۆلكلۆری دەستپێدەكات ((لە زەمانی كۆندا كۆشكێكی گەورە دروستكراو لە دوڕ و مرواری لە قولایی دەریادابوو، پادشای دەریا لەوێ دەژیا. پادشاكە شەش كچی پەری دەریایی هەبوو...))[84].

## 3- ژیاننامە:

هونەرێكە لە هونەرەكانی پەخشان لەبارەی كەسێكی بەناوبانگ و هەڵكەوتووەوە دەنووسرێ بۆ خستنەڕووی زنجیرەی مێژوویی ژیان و بەرهەم و بەسەرهاتەكانی و دەرخستنی پلە و پایەی بۆ خوێنەران. ئەمەش پێوەندییەكی زۆری لەگەڵ مێژوودا هەیە، بۆیە لەگەڵ وتاری مێژووییدا تێكەڵ دەبن. لە لایەكەوە ((لێكۆڵینەوەی مێژوویی و چێژ وەرگرتنی چیرۆك وابەستەدەكا بۆ لێكۆڵینەوە لە ژیان و وێنەكێشانی كەسایەتی كەسێك))[85]. لە لایەكیترەوە ((لە ئاوێزانبوونی چیرۆك و ڕۆمان و كورتە چیرۆك و وتارەوە سەرچاوە دەگرێ و كەس یان تاكەكەس ڕەگەزی زاڵە و هەموو بابەتەكان لەدەوری ئەودا دەخولێنەوە))[86]. لە پێداویستییەكانی ئەنجامدانی نووسینی ژیاننامە ((یەكێتی بینا و هەستكردن بە بەرەوپێشەوەچوونی زەمەن و یەك دوای یەكی قۆناغەكانی گەشەكردنی كەسایەتی كەسەكە و لە هەمووی گرنگتر ڕاستگۆییە لە دەربڕین و خستنەڕووی بابەتەكان))[87].

سێ ڕێگا بۆ نووسینی ژیاننامە هەیە[88]:

1- نووسەر ژیاننامەی كەسێك دەنووسێ.

2- نووسەر بیر و باوەڕی كەسێك دەنووسێ.

3- نووسەر لەسەر ژیانی خۆی دەنووسێ.

یان دابەشدەکرێتە سەر دوو جۆر: (ژیاننامەی خودی، نووسەر لەبارەی خۆیەوە دەنووسێ و ژیاننامەی بابەتی، نووسەر لەبارەی کەسێکەوە دەنووسێ. بۆیە لە ئەدەبی کوردیدا کێشە دروستدەبێ لە تێکەڵکردن لەنێوان ژیاننامە و یادداشت و گەشتنامە یان گەشتی ژیان و بیرەوەری و چیم دی)[89].

جگە لەو کورتە ژیاننامانەی لەگەڵ ئەلبوّمی وێنەکاندا بلاّوکراوەتەوە، ژیاننامە لە گۆڤاری (ورێزا)دا بە باشی بایەخی پێدراوە، سەرجەم ژیاننامەکان بابەتین و لە ڕووی بابەت و مەبەستەوە دابەش دەبنە سەر سێ جۆر :

ا- ژیاننامەی کەسایەتی ئەدەبی: لە گۆشەیەکی تایبەتدا لە ژێر ناوی (ناودارانی خانەقی)دا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس (ئیبراهیم باجەلاّن) هەر جارێك کەسایەتییەکی وەرگرتووە و لە سەر ژیانی زانیاری بلاّوکردۆتەوە. لە ژێر ناونیشانی گۆشەکەدا نووسراوە (لەم لاپەڕەیەدا هەوڵدەدەین هەرجارێك باسی ژیان و بەسەرهاتی یەکێك لە کەسایەتی و ناودارانی خانەقی بکەین کە لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتی شایستەیان پێشکەش کردووە). ئەم گۆشەیە لە ژمارە (2و3)ی گۆڤارەکەدا بە ژیاننامە و نموونەی شیعری زانای ئایینی و شاعیر (شێخ موراد زەنگەنە) دەستی پێکردووە[90]. لە ژمارە (5و6)دا ژیاننامە و شیعری شاعیر و نووسەر (مەلا محێدین دایزادە) ناسراو بە (بێ بەهار)ی خستۆتەڕوو[91]. لە ژمارە (4)دا (ساڵح هەلاج) باسێکی لەبارەی شاعیرانی خانەقییەوە بلاّوکردۆتەوە و بەکورتی ژیاننامەی (7) شاعیری خستۆتەڕوو لەگەڵ نموونەی شیعری هەر یەکە لەم شاعیرانە[92]: شێخ مورادی زەنگەنە، فەرەجی کەریم، سەید سلێمانی نەقیب، بێدار، محەمەد دارا، دەروێش حوسێن، دڵسۆز.

سەرجەم ژیاننامەکان لە ڕووی تەکنیکییەوە لاوازییان پێوە دیارە و هەندێ جار دەڕۆنە ژێر خێوەتی گێڕانەوە و یادداشت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە. ڕیزبەندیی مێژوویی ژیانی کەسایەتییەکان بەکورتی و تێپەڕاندی خێرا بەسەر ژیان و ڕووداوەکاندا بەڕوونی دیارە، ئەمە جگە لە ناوهێنانی کەسایەتییەك و نەبوونی زانیاری لەبارەیەوە. ئەم ڕاستییە بەسەر ژیاننامە وەرگێڕاوەکانیشدا زاڵە[93].

ب- ژیاننامەی کەسایەتی هونەری: یەك بابەتی ژیاننامە لەم جۆرە لە گۆڤاری (ورێزا)دا بلاّوکراوەتەوە بۆ باسکردنی ژیاننامە و هونەر و یادگارییەکان گۆرانیبێژ (حەسەن زیرەك). دەقی ژیاننامەکە چێژبەخشە و بە شێوازێکی ئەدەبیی بالاّ و سەرنجراکێش نووسراوە، شیعریشی لەگەڵدا ئاوێتەکراوە بۆ بەردەوامی ڕێڕەوی ڕووداوەکان ((...کە نزیك ئەبنەوە حەسەن زیرەك و هاوڕێکەی لائەدەن بۆ ناو پیاوەکان لەگەڵ سەلامکردنا حەسەن زیرەك ئەڵێ:

سەلام و عەلەیك مەرحەبا لێتان
حەسەن زیرەك و محەمەد جەیران
ڕێبواری ڕێگەی قەسری شیرینم
خەڵکی بۆکانی شیعر و ئەوینم...))[94].

ج- ژیاننامەی کەسایەتی سیاسی: لە ژمارە (4) و (5و6)دا ژیاننامەی شەهیدی سەرکردە (مەجید کەریم مەحمود) ناسراو بە (مەجید غاندی) لە لایەن (ئیبراهیم باجەلاّن)ەوە نووسراوە[95]، کە زۆرتر دەچێتە ناو بابەت و یادەوەرییەکانی خۆی و کەمتر باس لە ژیاننامەکە دەکا. ژیاننامەی دووەم لەبارەی هەمان کەسایەتییەوە (ئەحمەد باجەلاّن) نووسیویەتی. ئەمەیان بە باشترین شێوەی نووسینی ژیاننامە دادەنرێ بەتایبەت لە ڕۆژنامەنووسیدا، چونکە نووسەر پێبەندی ڕیزبەندی مێژووی ژیانی کردووە و لە ساڵی لەدایکبوونەوە تاکو لە سێدارەدان وشەهیدکردنی بەزنجیرەیەکی نەبچڕاو و بەدوای یەکدا باسی کردووە، بە هیچ شێوەیەکیش هەست بە تێکەڵبوونی نووسەر لەگەڵ نووسراوەکەدا ناکرێ. سەرەتای ژیاننامەکە بەم شێوەیە ((شەهیدی سەرکردە (مەجید کەریم مەحمود) ناسراو بە

مامۆستا مەجید غاندی، لە ساڵی 1947 لە دێی پەرویزخانی سەر بە ناحیەی قۆرەتوی قەزای خانەقین چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. لە ساڵی 1953 لە قوتابخانەی قۆرەتوی سەرەتایی نراوەتە بەر خوێندن...))[96].

## 4-لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

لێکۆڵینەوە بەگشتی هەوڵدانێکی ورد و رێکخراو و سیستماتیکیانەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان یان دۆزینەوەی رێگای نوێ بۆ دۆزینەوەی زانیاریی نوێ. لێکۆڵینەوەی ئەدەبیش (هونەرێکی زانستییانەی پەخشانە، ئەو رێگەیە کە لێیەوە ئەدەب دەتوانێ لەخۆی بدوێ و رەخنە و شیکردنەوە و راڤەکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر خۆی بکات و میتۆد و تیۆری نوێی بۆ دابرێژێ)[97]. لە زمانی کوردیدا ((لێکۆڵینەوە بە واتای چوونە بنج و بناوای شتەوەیە، کە گەیشتنە بە راستییەك و دەرکەوتنی چۆنیەتییەکە))[98]. هۆی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە و ئەو ئەرکانەی خراوەتە ئەستۆیە زۆرە، لەوانە: (داهێنانی نوێ، کۆکردنەوەی شیتاڵەکان، تەواوکردنی ناتەواوییەکان، پوختکردنی گشتییەکان، کورتکردنەوەی درێژییەکان، رێکخستنی تێکەڵکراوەکان، دەستنیشانکردنی هەڵە و نهێنییەکان)[99]. هەروەها بریتییە لە کارێکی زانستی و لەسەر بەراوردکردن و تاقیکردنەوە بەندە، سەرەتا بە کۆکردنەوە و رێکخستن دەستپێدەکا، ئینجا بە بەراوردکردن و دواییش گەیشتن بە ئەنجام (بەهۆی ئەمەوە دەتوانین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە رەخنەی ئەدەبی جیابکەینەوە)[100].

لە گۆڤاری (ورێزا)دا بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دراوە، دەتوانین بەشێك لەو بابەتانەی لەبارەی شیعر و شاعیرانەوە نووسراون بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی ئەژمارکەین، جگە لەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەك بە پشبەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمی لەبارەی ئەدەبەوە بەگشتی بڵاوکراوەتەوە. (سۆران محەمەد غەریب) لە سێ بەشدا لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی بونیادگەری لە ئەدەبی جیهانی و لە ئەدەب و رەخنەی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە، لایەنەکانی (نووسەر و دەق و خوێنەر)ی شیکردۆتەوە، کە یەکێکە لە لێکۆڵینەوە ناوازەکانی گۆڤارەکە[101]. لە لێکۆڵینەوەیەکیتردا (جەلال ئەلیاسی) بە پشبەستن بە نووسینەکانی (د.فەرهاد پیربال) تیشکی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی (مەلا مەحمودی بایەزیدی) و بە یەکەم نووسەری پەخشانی هونەری و یەکەم چیرۆکنووسی کوردی لە مێژوودا ناودەبا[102].

لەبارەی زمان و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردییەوە (نازم سەید جاسم) بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی (زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی)یەوە لە سێ تەوەردا بڵاوکردۆتەوە، کە تایبەتە بە (بنجوبنەوانی میللەتی کورد، بنچینەی زمانی کوردی و شێوەی لوڕی، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی)[103].

لە بواری هونەریدا (یاسین لەتیف) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی بواری درامای تەلەفزیۆنی بڵاوکردۆتەوە بە پشتبەستن بە دەقی ئەدەبیی دراماکە، زانستیانە لە هەموو روویەکەوە شیکردنەوە و راڤەی بۆ کردووە تا گەیشتن بە ئەنجام. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەم تەوەرانەکراوە: (هونەری دراما و ئاشکراکردنی نەستی تاکەکان)، (هونەر وەك ئەڵتەرناتیڤی چەمکی شۆرش)، (مەرگی تراژیدیای کچە ئەکتەری لاو - پوپك گوڵدریم)، (باوکسالاری، ستەمکاری، تۆتالیتاریزم لە درامای نەرگزدا)[104].

## 5- وتاردان:

وتاردان یان وتاربێژیی کوردی لە سەرەتاوە وەك بەشێکی هونەری پەیدابووە و ((لەبناغەدا قسەیەکی سەرزاری مرۆڤە یاخوود نووسراوێکە لە ئاهەنگێکدا یا لە بۆنەیەکدا دەخوێنرێتەوە))[105]. هەروەها بریتییە لە ((هونەری

قسەكردن لە پێناوی ڤایلكردن و كارتێكردندا ))[106]، كە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیە، شێوەی چاپكراوی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە پەیدابووە و پێوەندیی بە خوێنەرەوە هەیە. دوو لایەنی سەرەكی ڕۆڵ لە وتاربێژیدا دەبینن لە (وتاربێژ و بەرانەرەكەی) پێكهاتوون و (( پێویستە وشە و ڕستەكان كورت و پڕ واتابن بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر و خوێنەر ڕاكێشێ))[107]. جۆرەكانیشی بریتییە لە (بیستراوی نەخوێنراو، خوێنراوی نەبیستراو، خوێنراوی بیستراو)[108]. بەگشتی هەر وتاردانێك بێ لەبەرچاوگرتنی مەبەست یەكێ لەم ئامانجانەی لەخۆگرتووە (هاندان و خرۆشانی بیسەر بۆ ئەنجامدانی كارێ، زانیاری گەیاندن، خستنەژێر كاریگەری، سەرقاڵكردن)[109].

لە گۆڤاری (ورێزا)دا تەنیا یەك بابەتی وتاردان بڵاوكراوەتەوە، دەقی ئەم تاردانە لە سەرەتاوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەلایەن وتاربێژەوە ئاڕاستەی گوێگر و ئامادەبووان كراوە، بۆیە لە سەرەتاوە لە شێوەی (وتاردانی بیستراوی نەخوێندراو)دا بووە، بەڵام دواتر بەهۆی بڵاوكردنەوەی دەقی وتاردانەكە لە گۆڤاری (ورێزا)دا شێوەكەی گۆڕدراوە بۆ (وتاردانی خوێنراوی نەبیستراو). بەبۆنەی بەسەرۆك كۆماربوونی یەكەمی خوالێخۆشبوو (مام جەلال تاڵەبانی)، لە خانەقی ئاهەنگ و كەرنەڤاڵێكی جەماوەری سازكرابوو بە ئامادەبوونی بیژەری دێرینی ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان (فەرهاد سەنگاوی)، كە لەوێدا وتارێكی حەماسی پێشكەشكردبوو و بە دەنگە زوڵاڵەكەی جەماوەری بەتەواوی خرۆشاندبوو، دەستپێكی وتاردانەكەش بەم شێوەیە ((خەڵكی دلێر و كورد پەروەری خانەقین، خانەقینی جێی ڤینی داگیركەر، ئێوە گوڵاڵەی بە جەلەولا كراو، باخی بەی بە بەعقوبە كراو، هەڵاڵە و هەنجیرەی بە بەدرە و جەسان كراو، دیالەی دوویاڵە و شارەبانی شاری شابانوو، قزرەبات و مەندەلی و كفری و كەلار و دەربەند. خانەقین زەمانێك بوو لەم بەسرەی ناوی بەهەشت ئاباد بوو..كرمانشان و كفریت تا دجلە ئەگاتەوە بە كەنداو. كورد و كوردستانی بوون...))[110]

## 6- پەندی پێشینان:

بەشێكە لە ئەدەبی فۆلكلۆری گەلان و هونەرێكی پەخشان ئامێزی كورتە، واتایەكی فراوان دەگەیەنێ، لە سەردەمێكی كۆن سەریهەڵداوە و پشتاوپشت ماوەتەوە و ((وەك بەڵگە وڕێنیشاندەرێك لە ژیانی ڕۆژانە و كردار و وتارماندا بەكاریان ئەهێنین و كەڵكیان لێ وەردەگرین))[111]. هەروەها ((هەموو ڕستەیەك، هەموو ڕووداوێكی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو كردارێك، چاك یا خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك كە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەك بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە))[112].

جگە لەو پەندانەی لە توێی بابەتەكانی گۆڤارەكەدا بڵاوكراونەتە[113]، لە ژمارە (2و3)وە لە شێوەی گۆشەیەكی تایبەتدا لەژێر ناوی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق)دا، (هێڤار خانەقینی) لە سێ بەرگی گۆڤارەكەدا (25) پەندی پێشینانی دەڤەری خانەقیی لەگەڵ ڕوونكردنەوەی ڕووداو و مەبەستی بەكارهێنانیانی بڵاوكردۆتەوە[114]. كۆی ئەم پەندانە لە ئەنجامی سەردانی دانیشتووانی خانەقی بەشێوەیەكی مەیدانی و لە زاری (نوری كەریم گەلاڵی، ئیبراهیم باجەلان، باجی گەوهەر، عەباس مەحمود، ئیبراهیم سەعید)ەوە وەرگیراوە بەشێوەی دیالێكتی كەڵهوری، كە دیالێكتی دانیشتوانی ناوچەی خانەقییە. سەرەڕای ئەوەی ناونیشانی گۆشەكە لەبارەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوەیە، بەڵام هیچ قسەیەكی نەستەقی بڵاونەكردۆتەوە. بۆ نموونە یەك پەند وەكو خۆی لەگەڵ ڕوونكردنەوەكەدا دێنینەوە:

ئارد ویژد و خوەی لەڤند

ئەم پەندە بە كەسێك ئەوترێت كە بۆ بەهانە و گەڕان بە دوای كەموكورتیدا لە كەسانیتر بگەڕێت- جا ئەڵێن ئەگەر پیاو بتوات مهانە لە ژنەگەی بگرد ئویشت ئارد ویژد و خوەی لەقند- چونكە لە ئارد وێژاندا مرۆڤ هەرئەبێ خۆی بلەقێنێت.

**دایە بدوین دویتە بخواز**

واتە ئەگەر نیازت وایە خوازبینی كچێك بكەیت سەیری ڕەوشت و ڕەفتاری دایكی بكە، ئنجا برۆ داوای كچەكەی، چونكە دایك ڕابەرە و مامۆستا و قوتا بخانەی كچە، دایكە هەرچۆنێك بێت كچەكەش وەها ببینە(115)

## ئەنجام :

پاش تەواوكردنی لێكۆڵینەوەكە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

1- گۆڤاری (ورێزا) دەستی بالای لە بلاوكردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا هەبووە، یەكەمجارە بەو شێوە فراوانە بابەتی هەمەڕەنگ لە دووتوێی لاپەڕەی گۆڤارێكی كوردیی ناوچەی خانەقیدا بلاوكراوەتەوە، كە بەرهەمی نووسەر و ڕۆشنبیرانی دەڤەرەكە و دەرەوەیەتی.

2- هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبیی كوردی بۆ یەكەمجار لە ئاستێكی بەرزدا لە خانەقی و لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە بلاوكراوەتەوە و كەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی كورد زمان.

3- وتار وەكو هونەری پەخشانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی، لە گۆڤارەكەدا بایەخی زۆری پێدراوە و پانتاییەكی گەورەی داگیركردووە، بابەتەكانی جۆراوجۆرە و دەستی بۆ هەموو لایەنەكان درێژكردووە و قوشبنەكانی هەڵداوەتەوە.

4- كورتە چیرۆكی هونەری بە شێوەی نووسراو و وەرگێڕاو بۆ یەكەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی خانەقیدا هاتۆتەكایەوە، هەندێكیان لەئاستێكی هونەریی بەرزدان، هەوێنەكانی لەواقیعی كۆمەڵگەی كوردەوارییەوە وەرگێراون.

5- ژیاننامەی كەسایەتییە ئەدەبی و هونەری و سیاسییەكان لەسەر لاپەڕەكانی گۆڤارەكەدا ڕەنگیداوەتەوە و بایەخێكی باشی پێدراوە بۆیە گۆشەیەكی تایبەتی بۆ تەرخانكراوە.

6- لێكۆڵینەوەی ئەدەبی وەكو بەرهەمێكی زانستی و هونەرێك لە هونەرەكانی پەخشانی كوردی بۆ یەكەم جار لە ناوچەی خانەقیدا لە ڕێگەی گۆڤاری (ورێزا)وە بلاوكراوەتەوە.

7- یەكەم دەقی هونەری وتاربێژیی كوردیی خانەقی، كە هەڵگری سیما و پرنسیپەكانی هونەری وتاربێژیە لە ڕێگەی گۆڤارەكەوە ڕەنگیداوەتەوە.

8- گۆڤارەكە لە بلاوكردنەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری بێبەش نەبووە، بۆیە دوای دەرچوونی ژمارە یەك ئیتر دەستیداوەتە بلاوكردنەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ناوچەی خانەقی و چەند پەندێكی بە شێوەزاری كەلهوڕی لەگەڵ ڕوونكردنەوەدا بلاوكردۆتەوە.

## پەراوێزەكان:

[1] - مجد محمد الباكير البرازي ، في النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان-الاردن،1986،ص109.

[2] - د.شكريە رسول، ئەدەبی كوردی وهونەرەكانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی بالا زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1989، ل125.

[3] - د.شكريە رسول، زمان وئەدەبی كوردی-پەخشان، مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، هەولێر، 1987، ل6.

[4] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000، ل19.

[5] - فاضل نظام الدين، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، مطبعة الاجيال، بغداد، 1977، ل114.

[6] - حسێن یاره وعثمان علي وسالم محمد ویوسف سمعون، فەرهەنگی تریفە، المطبعة العربیة، بیروت-لبنان، 2008، ل78.

[7] - کریم کریمپور، فەرهەنگی خۆرهەلآت، چاپخانەی نهضت قم، کرمانشاه، بێ ساڵی چاپ، ل158.

[8] - هەژار، فەرهەنگی هەنبانەبورینە، چاپی چوارەم، انتشارات سروش لیتوگرافی، 1383، ل117.

[9] - د.شكریە رسول، ، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب، ل122.

[10] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بغداد، 1967، ل127.

[11] - د.شكري عزیز الماضي، في نظریة الادب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بیروت-لبنان، 1985، ص104

[12] - احمد امین، النقد الادبي، الطبعة الخامسة، مكتبة النهظة المصریة، القاهرة، 1983، ص59.

[13] - هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، چەشنە ئەدەبی ورۆژنامەنوسییەکان ورەنگدانەوەیان لە ( ژیان وژین )دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل66.

[14] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، ل21.

[15] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل134.

[16] - عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشنبیری وبلآوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1998، ل13-16.

[17] - عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلآحەدین، هەولێر، 1987، ل4-5.

[18] - بڕوانە ئەم سەرچاوانە : عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، ل3. عبدالرزاق بیمار، ل8-13. هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، ل67-69.

[19] - عەلائەدین سەجادی بەم شێوەیە هونەرەکانی پەخشانی تۆمارکردووە و دابەشیانی کردۆتە سەر پەخشانی زانیاری کە لەم هونەرانە پێکدێت: وتار، مێژوو، ژیاننامە، وتووێرە، دانان. پەخشانی ئەدەبی: وەسپ، روایە، مقامە، رسالە، خەتابە. بڕوانە : عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل139.

[20] - عبدالرزاق بیمار، ل17-18.

[21] - د.شكریە رسول، زمان وئەدەبی کوردی، ل9.

[22] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : ئومێد رەحیم شمس الدین تالەبانی، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی رۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا 1918-1958، تێزی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی ، 2013، ل112-116.

[23] - د.عزالدین اسماعیل، الادب و فنونە، الطبعة السابعة، مطبعة دار الفكر العربي، القاهرة، 1978، ص288.

[24] - هەمان سەرچاوە ، ل248.

[25] - د.شكریە رسول، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە، سەرهەڵدان ودەوری لە پێشخستنی زمان و هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێڕاندا، هەولێر، 2003، ل133.

[26] - عبدالرزاق بیمار، ل19.

[27] - د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی رۆژنامەوانی ومێژووی چاپخانە 1450-1500، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل27.

[28] - د.هیمداد حسێن، رۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل87

[29] - عبدالرزاق بیمار، ل19.

[30] - مجد محمد الباكیر البرازي، ص163.

[31] - کاروان عەلی قادر، هونەری رۆژنامەنووسی، چاپخانە وئۆفیسێتی بەدرخان، سلێمانی، 2004، ل122و123.

[32] - فرییا سەیاد ( د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی )، نەریتی رۆژنامەوانی، و.کارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی، 2008، ل289.

[33] - شەهرام گەرمیانی ، چەند سەرە قەڵەمێك دەربارەی سیاسەت، گۆڤاری ورێزا ، ژ5و6، زستانی 2009، ل9-10.

[34] - سەلام شێخ حسین، ستراتیژە نوێکەی ئەمریکا لە عێراق و هەڵەیەکی تری کوشندە، گۆڤاری ورێزا ، ژ5ە6، زستانی 2009، ل7-8.

[35] - ورێزا ، لە گۆڤارێکی بەریتانی: ئەگەر کوردەکان 5تا10ساڵی دیکە ئارام بگرن ئەوا ولآتانی جیهان ناچاردەبن مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد قبوڵ بکەن ، گۆڤاری ورێزا ، ژ5و6 ، زستانی 2009 ، ل 13.

[36] - عەلی حسێن ، کێشەی خانەقی لە رووداوەکانی ئەم دواییەدا، گۆڤاری ورێزا ، ژ5و6 ، زستانی 2009، ل 11-12.

[37] - د.هیمداد حسێن، رۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل96.

[38] - هێرش محەمەد سەنگەری، تاقیکردنەوەی خۆناسین، تۆ چۆن دایکێکیت، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006.ل109-110.

[39] - عومەر عەبدولکەریم قادر، چوار هەنگاوی سەرەکی بۆ پەیوەندی باشتر، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل107-108.

[40] - کانی ، رۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری ، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل-7069. هەروەها : شیرین، ژنان و ژیان، ژا، ل74-75.

[41] - هێرش محەمەد سەنگەری ( وەرگێڕان )، رەوشی ژنان لە سێ بابەتی وەرگێڕدراودا، ، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل71-73.

[42] - سوعاد بەیگی، ئایا خزمتانە؟، ، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل79.

[43] - وەصفیە بەنی وەیس، نابێ ژن بێدەنگ بێ، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل 80.

[44] - زانیار جەمال (وەرگێڕان)، كاریگەری خێزان لە گەشەدا، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل76.

[45] - محەمەد سابیر كەمەر، منالان لەبازنەی دەسەلاتدا، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل77-78.

[46] - محەمەد سابیر كەمەر، بوون بە باوك ئاسانە باوكایەتی گرانە، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل106.

[47] - بۆ نموونە : شەماڵ شێخ لەنگەری،گرنگی كردنەوەی ناوەندێكی زانكۆیی لە ناوچە تازە ڕزگاركراوەكانی كوردستان و چەند سرنجێك، گۆڤاری وریزا، ژ1، ل161-62. سەرحەد حسێن مستەفا، زانكۆی تەندروست، ژ1، ل63-65. هامیار ئەكبەر، كردنەوەی زانكۆی جیاواز (ئاینده)، ژ1، ل66.

[48] - عەتا ڕەشید حسێن، تیرۆری زانستی، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل86-88.

[49] - بێستون باجەلان، تەعریبی منالانمان بەدەستی خۆمان، گۆڤاری وریزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل104.

[50] - ئومێد بەرزان برزۆ، ڕێنووسی كوردی بە پیتی لاتینی، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل89-92. هەروەها : ئەكرەم یاوەر، ئەلف وبێی زمانی كوردی، گۆڤاری وریزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل97.

[51] - دكتۆر ئەوڕەحمان حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی كوردییەوە نووسراوە، گۆڤاری وریزا، ژ4، بەهاری 2007، ل62-65.

[52] - ئەمین سالح، حەزرەتی عیسا وگوندی حەوش كوری لەنێوان ئەفسانە وڕاستیدا، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل23-25.

[53] - عەباس مەحمود، كرماشان لەچەند پەرەگرافێكدا، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل36-37.

[54] - ئەحمەد باجەلان، لەبارەی ناوچەی بنكورە و تایبە تمەندییەكانییەوە، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006،ل38-45.

[55] - مستەفا سەعید عەلی، دێی مەحمود قەجەر لە لاپەڕەكانی مێژوودا، بەشی یەكەم، گۆڤاری وریزا، ژ4، بەهاری 2007،ل31-41. بەشی دووەم، گۆڤاری وریزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل54-77.

[56] - حسێن مەولود دەكەیی، شاخی مرواری و گرنگی مێژوویی، گۆڤاری وریزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل41-42.

[57] - جەلال ئەلیاسی (وەرگێڕان)، كۆپیسازی مرۆڤ، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل81-82.

[58] - شاكە (وەرگێڕان)، دوودلی سەبارەت بە لەناوچوونی دیناسۆرەكان، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل84.

[59] - زكرا فوئاد كەریم، نەخۆشی ئێسكەنەرمە، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل83.

[60] - دەڤەر عوسمان باجەلان، داو دەرمانی كوردەواری لە ناوچەی بنكویرە، بەشی یەكەم، گۆڤاری وریزا، ژ4، بەهاری 2007، ل68-70. بەشی دووەم، گۆڤاری وریزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل116-121.

[61] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دیموكراتی كوردستان 1942-1947،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،2002، ل255.

[62] - خالد ئەسكەندەر، نائومێدی وحەسرەتێكی تر، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل96.

[63] - د.فەرهاد پیر باڵ، پاڵەوان، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006، ل85.

[64] - عەزیز گەردی، پەخشانی كوردی، ل48.

[65] - هەڤاڵ ئەبو بەكر حسێن، ل85.

[66] - بەكر دەروێش، گەورەم جەنەڕاڵ، چاپخانەی ئارا بخا، كەركوك، 2006، ل5-6.

[67] - مجد محمد الباكير البرازي، ص147.

[68] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی بەغدا 1970-1974قۆناغێكی نوێ، چاپخانەی ایلاف، بەغداد، 2005، ل351.

[69] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، 1978، ل18.

[70] - بنەمای ئەم بیروباوەڕە لەوەوە پەیدا بووە،كە هەردوو مەولود نامە و عەقیدەنامەكەی شێخ حسێنی قازی و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی كوردی. بڕوانە : عبدالرزاق بیمار، پەخشانی كوردی، ل56-67.

[71] - د.فەرهاد پیربال، مەلا مەحمودی بایەزیدی 1799-1867 یەكەم چیرۆكنووس و پەخشاننووسی كورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2000، ل26.

[72] - د.شكریە رسول، زمان و ئەدەبی كوردی، ل41.

[73] - جەمال خەزنەدار، ڕۆژی كورد1913،بلاوكردنەوە و پێشەكی ولەسەرنووسینی،چاپخانەی المؤسسة العراقية،بەغداد،1981،ل41-42،ل76-77،ل119.

[74] - ئومێد ڕەحیم شمس الدین تاڵەبانی، پەراوێزی ل197.

[75] - هەمان سەرچاوە، ل198-200.

[76] - محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێجی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین، 1989، ل131.

[77] - جگە لەو دوو چیرۆكە، كورتەی چیرۆكێكی كۆنی باو لە ناوچەی خانەقیدا بلاوكراوەتەوە كە دوورە لە سیماكانی چیرۆكی هونەرییەوە، بۆیە باسمان نەكردووە. بڕوانە: محەمەد ناسر كەڵهور، چیرۆك و بەسەرهاتی شاكە و مەنسور، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل114-115.

[78] - سۆران میل قاسمی، كورتە چیرۆكی جەرگی سووتاو، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل95.

[79] - سەركۆ محەمەد، مەرگی ماسی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل103-104.

[80] - دیار جەوهەر، فرمێسكێك پڕ لە عشق، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل128.

[81] - ئەحمەد شاملۆ، ناوبانگی خراپ،ورگێرانی مستەفا سەعید عەلی، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل97-103.

[82] - ناونیشانی كورتە چیرۆكەكان: سنگ شین، قوڕوژەنكە و كوللە و چۆلەكە، بوكە شوشەی دارین و بوكە شوشەی گلین، لاسایی كردنەوە، ڕێوی و شێر، كوڕێك كە مردنی دایكی پێ خۆش بوو، شازادەیەك كە ئەژدیهای خۆش دەویست، گومانی خراپ، سەیرە خەڵكێك كە ئێوەن، بایەقوش، ئازادی قومرییەكان، چۆن پادشای ئەژدیهایان خۆی كرد بە ماسی، لە چاوەڕوانی كەروێشكدا، ئەسپی گرانبەها، سێبەری كەوان، ماسییەك لە وشكانیدا، دیواری ڕوخاو، كوێر و شەل.

[83] - اصغر شفیعی نیك ،شەمەندەفەرێك لەگەڵ سەرنشینی مەرگ، و:تەها باجەلان، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل104-107.

[84] - سوعاد بەیگی (وەرگێڕان)، پەرییە دەریاییە بچكۆلەكە، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل136.

[85] - انیس المقدسي، الفنون الادبیة واعلامها في النهضة العربیة الحدیثة، الطبعة الثانیة، دار العلم للملایین، بیروت-لبنان، 1978، ص547.

[86] - هەڤاڵ ئەبو بەكر حسێن، ل93.

[87] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی كوردی، ل108

[88] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی ولێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، ل141.

[89] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی كوردی ، ل109.

[90] - ئیبراهیم باجەلان، شێخ موراد زەنگەنە، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل18-20.

[91] - ئیبراهیم باجەلان، بێ بەهاری شاعیرو تێكۆشەر، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل17-19.

[92] - ساڵح هەلاج، ملۆیەك لە مێژوویی شیعر و شاعیرانی خانەقی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل73-80.

[93] - لەم بارەوە بڕوانە: ئومێد بەرزان برزۆ، كورتەیەك لەبارەی ژیان و بەرهەمەكانی ولیام شكسپیر، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل98.

[94] - خەلیل عەبدولا حاجی مەحمود، یادگارییەكی حەسەن زیرە ك لە گوندی تازەدێی گەرمیان، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل43.

[95] - ئیبراهیم باجەلان، شەهیدی نەمر مامۆستا (مەجید غاندی)، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل12-13.

[96] - ئەحمەد باجەلان،شەهیدی سەركردە مامۆستا مەجید غاندی نمونەی ئازایەتی وخۆڕاگری ومامۆستایەتی،گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل20.

[97] - هەڤاڵ ئەبو بەكر حسێن، ل99.

[98] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی ولێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، ل211

[99] - مجد محمد الباكیر البرازي، ص167.

[100] - د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ل527.

[101] - سۆران محەمەد غەریب، بونیادگەری لە ئەدەبدا، بەشی یەكەم، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل39-46. بەشی دووەم، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل57-70. بەشی سێیەم، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل48-57.

[102] - جەلال ئەلیاسی، بایەزیدی مەزن ئەو پیاوەی كە كورد قەرزاریەتی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل18-22.

[103] - نازم سەید جاسم، زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل18-22.

[104] -یاسین لەتیف، مەرگی تراژیدیای كچە ئەكتەری ئێرانی (پوپك گوڵدریم) لەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (نەرگز)دا،گۆڤاری ورێزا،ژ4،بەهاری 2007،ل93-97.

[105] - د.شكریە رسول، زمان و ئەدەبی كوردی، ل13

[106] - د.شكریە رسول، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، ل146.

[107] - ئومێد ڕەحیم شمس الدین تاڵەبانی، ل236.

[108] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، 1971، ل141-142.

[109] - دیل كارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێڕانی حسێن نجم الدین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2006، ل132.

[110] - فەرهاد سەنگاوی، خانەقین و سەرکۆماری عێراقیکی کوردستانی، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006،ل51.

[111] - عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کوردی، بەرگی یەکەم، بیٚ ناوی چاپخانە، بەغداد، 1981، ل7.

[112] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل103.

[113] - بۆ نموونە : ئەحمەد باجەلان، لەبارەی ناوچەی بنکورەوتاییە تمەندییەکانییەوە، باسی لە قسەی نەستەقی ناوچەی بنکورە کردووە و (8) قسەی هێناوەتەوە و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتاکانیان بلاویانی کردۆتەوە. گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل45.

[114] - هێڤار خانەقینی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل111-112. ژ4، بەهاری 2007، ل67. ژ5و6، زستانی 2009، ل112-113.

[115] -هەمان سەرچاوە، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل111 و ژ5و6، زستانی 2009، ل113.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب به زمانی کوردی :


1- د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدا 1970-1974 قۆناغێکی نویٚ، چاپخانەی ایلاف، بەغداد، 2005.

2- بەکر دەرویش، گەورەم جەنەڕاڵ، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، 2006.

3- جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کورد1913، بلاوکردنەوە و پێشەکی ولەسەر نووسینی، چاپخانەی المؤسسة العراقية، بەغداد، 1981.

4- حسێن یارە و عثمان علي وسالم محمد و يوسف سمعون، فەرهەنگی تریفە، المطبعة العربية، بيروت-لبنان، 2008.

5- دیل کارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێڕانی حسێن نجم الدین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2006.

6- د.شكريه رسول، زمان وئەدەبی کوردی-پەخشان، مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، هەولێر، 1987.

7- د.شكريه رسول، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی بالاٚ زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1989.

8- د.شكريه رسول، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە- سەرهەڵدان ودەوری لە پێشخستنی زمان، هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێڕاندا، هەولێر، 2003.

9- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، 1998.

10- عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1987.

11- عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بغداد، 1967.

12- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، 1971.

13- عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000.

14- عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کوردی، بەرگی یەکەم، بیٚ ناوی چاپخانە، بەغداد، 1981.

15- د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، 1978.

16- فاضل نظام الدین، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، مطبعة الاجيال، بغداد، 1977.

17- د.فەرهاد پیربال، مەلا مەحمودی بایەزیدی 1799-1867 یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000.

18- فریبا سەیاد (د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی)، نەریتی ڕۆژنامەوانی، و.کارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2008.

19- کاروان عەلی قادر، هونەری ڕۆژنامەنووسی، چاپخانە وئۆفیسێتی بەدرخان، سلێمانی، 2004.

20- کریم کریمپور، فەرهەنگی خۆرهەلات، چاپخانەی نهضت قم، کرمانشاه، بیٚ ساڵی چاپ.

21- د.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی ومێژووی چاپخانە 1450-1500، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.

22- هەژار، فەرهەنگی هەنبانەبورینە، چاپی چوارەم، انتشارات سروش ليتوگرافى،1383.

23- هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، چەشنە ئەدەبی ورۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان وژین)دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007.

24- د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1942-1947، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

25- د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نویٚی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008.


### دووەم: کتێب به زمانی عەرەبی:


26- احمد امين، النقد الادبي، الطبعة الخامسة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة ، 1983.

27- انيس المقدسي، الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1978.
28- د.شكري عزيز الماضي، في نظرية الادب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، 1985.
29- د.عزالدين اسماعيل، الادب و فنونه، الطبعة السابعة، مطبعة دار الفكر العربي، القاهرة ، 1978.
30- مجد محمد الباكير البرازي ، في النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان-الاردن،1986.

سێیەم: نامەی ماستەر ودكتۆرا بە زمانی كوردی:
31- ئومێد رەحیم شمس الدین تاڵەبانی، كۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی رۆژنامەنووسیی كوردی لە عێراقدا 1918-1958، تێزی دكتۆرا، بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی سلێمانی ، 2013.
32- محەمەد دلێر ئەمین، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی كوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، 1989.

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (انعكاس فنون النثر الادبي على مجلة (وريزا))، هو خطوة و محاولة لتسليط الضوء على فنون النثر الادبي الكوردي في منطقة خانقين و انعكاسها على صفحات مجلة (وريزا) الفصلية. الذي عن طريقه يسلط الضوء على المستوى الثقافي و الادبي و نتاجات الادباء و الكتاب في هذه المنطقة.

والنثر بشكله العام و فنونه بشكل خاص، هو جزء مبهم من ادب منطقة (كرميان و كرمسير)، حيث نشرت و بشكل واسع عن طريق الصحافة الكوردية الذي من المفروض ان يخصص لها البحوث الادبية لغرض الاشارة الى النتاجات الادبية و اظهار مستوياتها و دورها في تقدم و ازدهار الادب الكوردي.

يتضمن البحث مقدمة وفصلين . يتكون الفصل الاول من محورين، الاول للتعريف بمجلة (وريزا) و الثاني يتضمن مفهوم النثر واسسه. اما الفصل الثاني فقد تم تخصيصه لدراسة الفنون النثرية وانواعها في المجلة. وفي النهاية تم عرض اهم النتائج و قائمة المصادر.

## Abstract

The present research paper, entitled "The Reflection of the Literary Prose Arts on the Wreza Magazine" is an attempt to shed the light on the Kurdish literary prose arts in Khanaqin area and its reflection on the quarterly magazine. In addition, this research paper tries to spotlight on the educational and literary level and the authors' in contributions in Khanaqin.

Prose, in general, and its arts, in specific, can be considered as a mysterious part of the literature of this area ( Garmian and Garmeseer), as it has been widely published through the Kurdish journalism in which it is supposed to be dedicated for the sake of referencing the literary contribution and illustrating its levels as well as its role in the progress and prosperity of the Kurdish literature.

It is good mentioning that the research consisted of an introduction and two chapters. Chapter one consisted of two sections, the first section is on defining the 'Wreza' magazine, whereas, the second section presents the notion of prose and its basics. On the other hand, chapter two deals with the study of prosaic arts and its types that presented in the magazine. Finally, the results and the list of the references have been presented at the end of the research.